موعتەز غەباشی

# ڕێبەری کارکردنی
# توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی
# لە خوێندنگەکاندا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

دانا مەلا حەسەن



موعتەز غەباشی

# ڕێبەری کارکردنی
# توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی
# لە خوێندنگەکاندا

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

دانا مەلا حەسەن

٢٠١٤

ڕێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان

TAKO organization for social & psychological issues

## لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان


ناوی کتێب: ڕێبەری کارکردنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە خوێندنگەکاندا

ناوی نووسەر: موعتەز غەباشی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: دانا مەلا حەسەن

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٤

چاپخانە: ڕەجایی / تاران

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە (١٤٤٥)ـی ساڵی (٢٠١٤)ـی پێ دراوە.

# پێرست

دەستپێک ........ ٥
پێشەکی وەرگێڕ ........ ٧
دەروازی یەکەم: پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا ........ ٩
بەشی یەکەم: خزمەتگوزاریی خوێندنگەیی ........ ١١
چەمکی خزمەتگوزاریی خوێندنگەیی ........ ١٣
ئامانجەکانی خزمەتگوزاریی خوێندنگەیی ........ ١٤
بوارە سەرەکییەکانی کاری توێژەر لە خوێندنگەدا ........ ١٥
بەشی دووەم: خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا ........ ١٩
خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا ........ ٢١
کێشەکانی خوێندنگە ........ ٢٢
تایبەتمەندییە گشتییەکانی جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا ........ ٢٧
بەشی سێیەم: خزمەتگوزایی گروپ لە خوێندنگەدا ........ ٣٩
گروپی خوێندنگە و تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ........ ٤١
چۆنیەتی پێکهێنانی گروپەکانی خوێندنگە و بەڕێوەبردنیان ........ ٤٤
بنەماکانی گروپی خوێندنگە ........ ٤٦
ڕۆڵی توێژەر لە گروپەکانی خوێندنگەدا ........ ٤٨
پلانی توێژەر بۆ ڕێکخستنی خزمەتگوزاریی گروپەکان ........ ٥١

بەشی چوارەم: ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە خوێندنگەدا ................ ٥٥
ڕێکخستنی کۆمەڵگەی خوێندنگە ................................ ٥٧
ئەنجومەنی کارگێڕیی گروپەکانی خوێندنگە ......................... ٥٩
ڕۆڵی توێژەر لە ئەنجومەندا ................................... ٦١
دەروازەی دووەم: خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی خوێندنگە و قۆناغەکانی گەشەکردن ............................................. ٦٧
بەشی یەکەم: قۆناغی سەرەتایی (١-٦) .......................... ٦٩
تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قۆناغی سەرەتایی ............... ٧١
ڕۆڵی توێژەر لە قۆناغی سەرەتاییدا ............................ ٧٤
یەکەم: خزمەتگوزاریی گەشەکردن ............................... ٧٥
دووەم: خزمەتگوزاریی خۆپارێزی ............................... ٧٦
سێیەم: خزمەتگوزاریی چارەسەرسازی ............................ ٧٧
بەشی دووەم: قۆناغی ناوەندی (٧-٩) ............................ ٧٩
تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قۆناغی ناوەندی ................ ٨١
ڕۆڵی توێژەر لە قۆناغی ناوەندیدا .............................. ٨٣
یەکەم: خزمەتگوزاریی گەشەکردن ............................... ٨٤
دووەم: خزمەتگوزاریی خۆپارێزی ............................... ٨٥
سێیەم: خزمەتگوزاریی چارەسەرسازی ............................ ٨٥
بەشی سێیەم: قۆناغی ئامادەیی (١٠-١٢) ......................... ٨٩
تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قۆناغی ئامادەیی ............... ٩١
ڕۆڵی توێژەر لە قۆناغی ئامادەییدا ............................. ٩٣
یەکەم: خزمەتگوزاریی گەشەکردن ............................... ٩٤
دووەم: خزمەتگوزاریی خۆپارێزی ............................... ٩٥
سێیەم: خزمەتگوزاریی چارەسەرسازی ............................ ٩٦
دەروازەی سێیەم: توێژەری سەرکەوتوو کێیە؟ ..................... ٩٩

# دەستپێک

توێژەرانـی کۆمەڵایەتـی و دەروونـی هەمیشـە پێشـەنگ و پێشـڕەوی کۆمەڵگـە بـوون، بـۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەو ڕێگـە تاریـک و نوتەکانـەی کـە کێشـە کۆمەڵایەتـی و دەروونییـەکان نـووزەی ژیانیان لێ بڕیون، هەمیشـە توێـژەران سەرمەشـق بـوون بـۆ بانگـەوازی دیالـۆگ و پێکەوەبـوون و ئاشـتی و ئاسایشـی کۆمەڵایەتـی، کـە بـەردەوام لـە کار و چالاکییـە جۆربەجۆرەکانیانـدا جەختیـان لـەو پرنسـیپەی کارکردنیـان کردۆتـەوە، هـەر بۆیـە و لـەو سۆنگەیەوە بڕوامـان وایـە کـە پێویسـتە بـە بەردەوامـی خزمــەت بــەم توێــژە گرنگــەی کۆمەڵگەکەمــان بکرێــت و یارمەتــی و هـاوکاری بکرێـن بـۆ ئـەوەی ڕۆڵ و پێگـەی خۆیـان و ئـەو کلیلـەی کـە زامنـی کردنـەوی دەرگـە داخراوەکانـە، بدرێتـەوە دەسـتیان...

توێژەرانــی کۆمەڵایەتــی و دەروونــی لەنــاو ناوەندەکانــی خوێندنــدا ســەرەڕای بەربەســت و ڕێگــری و کێشــەکانی بەردەمیــان و نەبوونــی کەرەسـتەی پێویسـت و سـەرچاوەی نـوێ و گرنـگ لەبەردەسـتیان، بـە بەردەوامــی ڕۆڵیــان لەنــاو ناوەندەکانــی خوێندنــدا هەبــووە و بوونەتــە پایەیەکــی پتــەو و گرنــگ بــۆ پرۆســەی پــەروەردە و فێرکــردن لــە کوردسـتاندا، هـەر بۆیـە لـە ئێسـتا بـەدواوە گرنگیـدان و بایەخـدان بـە توێـژەران، ئەرکـی دەسـەڵات و حکومـەت و لایەنـە پەیوەندیدارەکانـە، بۆ ئــەوەی ڕۆڵــی گرنگــی توێــژەران لــە ســەرجەم ناوەنــد و ســێکتەرەکانی

ژیانـی کۆمەڵگـەدا دیـار و بەرچـاو بێـت...

بایـەخ و گرنگـی توێژەرانـی کۆمەڵایەتـی و دەروونـی هەوێنـی دامەزراندنـی (ڕێکخـراوی تاکۆ)یە بۆ پرسـە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان، جگـە لـەوە خزمەتکـردن و گرنگـی پێدانیـان ئەرکـی یەکـەم و کۆتایـی ئـەم ڕێکخراوەیـە، لـە یەکـەم هەنـگاوی جێبەجێکردنـی ئەرکـی تاکـۆ بەرامبـەر بـە توێـژەران، وەرگێـڕان و چاپکردنـی ئـەم پەرتووکەیـە کـە هیـوا خوازیـن ببێتـە ڕێبەرێکـی بەسـوود بـۆ سـەرجەم توێژەرانـی ئازیـز، هیوادارین ئـەم پەرتووکـە هاوکارێکـی بـاش بێـت بۆیـان، تـا بتوانـن بەرچاوڕوونییـەک سـەبارەت بـە پیشـە و کاری زانسـتی توێـژەران پەیدا بکـەن، هـەر لێرەشـەوە دەمانەوێـت ئـەوە بـە هەمـوو لایـەک ڕابگەیەنیـن، کـە ئەمـە هەنـگاوی یەکەمـی (تاکۆ)یـە و کار و بەرهەمـی تـری بـەدوادا دێت و تـا ئـەو کاتـەی توانامـان هەبێـت لـە خزمەتـی توێژەرانـدا دەبیـن و داواکاریشـین بـە گەورەیـی خۆتـان لـە هەڵـە و کەموکورتییەکانمـان ببـوورن، هـەر لێرەشـەوە دەمانەوێـت سوپاسـی بـێ پایانـی خۆمـان ئاراسـتەی هـاوڕێ و هاوکارمـان کاک دانـا مـەلا حەسـەن بکەیـن، کـە بـە وەرگێڕانـی ئـەم پەرتووکـەوە ماندوومـان کـرد، هەروەهـا جێـی خۆیەتـی سوپاسـی تایبەتـی خۆمـان بـۆ مامۆسـتا عەتـای بەڕێوەبـەری گشـتی ڕێکخـراوی گەشـەپێدانی مەدەنیـەت (CDO) بنێریـن، کـە ئەرکـی چاپکردنـی ئـەم پەرتووکەیـان گرتـە ئەسـتۆ و سوپاسـی کاک ئەحمـەد چەمیـدەش دەکەیـن کـە هاوکارمـان بـوو بـۆ بەچاپگەیاندنـی ئـەم پەرتووکـە لـە وڵاتـی ئێـران...

ڕێکخراوی تاکۆ

٢٠١٤/٤/٢٩

# پێشەکی وەرگێڕ

لــەم چەنــد ســاڵەی ڕابــردوودا ڕێژەیەکــی بەرچــاوی توێژەرانــی کۆمەڵایەتــی و دەروونــی لــە ناوەندەکانــی خوێندنــدا دامەزرێنــران، کــە تــەواوی ئــەو لایەنانــەی بەشــداربوون لەمــەدا جێــی دەستخۆشــین. بێگومــان توێــژەران لــە ناوەندەکانــی خوێندنــدا ڕۆڵێکــی ئەرێنــی و بایەخــدار دەگێــڕن لــە بەرەوپێــش بردنــی سیســتمەکە و کەمکردنــەوە و چارەســەرکردنی تــەواوی ئــەو گرفــت و تەنگــژە و کێشــانەی ڕووبــەڕووی خوێنــدکاران دەبنــەوە لــە تــەواوی قۆناغــە جیاوازەکانــی خوێندنــدا جــا ئــەو کێشــانە دەروونــی یاخــود کۆمەڵایەتــی یــان خێزانــی، پەروەردەیــی، فێربــوون یــان... هتــد بــن.

ئــەوەی بەپێویســتی دەزانــم لــەم پێشــەکییە کورتــەدا ئامــاژەی پێبــدەم ئەوەیــە کــە تاڕاددەیەکــی زۆر توێــژەران بــۆ کارکــردن وەک ڕێنماییــکار ئامــادە نەکــراون، بەدرێژایــی چــوار ســاڵی خوێندنــی زانکــۆ ئــەوەی فێریــی دەبــن تــا ڕاددەیەکــی زۆر شــتگەلی تیۆریــن، بۆیــە کاتێــک دێنــە ئــەو مەیدانــەوە زۆرینەیــان تووشــی گرفــت دێــن و پێویســتیان بــە خوولــی ڕاهێنــان و بەهێزکــردن هەیــە، تــا بــە کار و ئەرکەکانــی ڕێنمایــی ئاشــنابن.

دوای کارکردنــم بــۆ مــاوەی حــەوت ســاڵ وەک توێــژەری کۆمەڵایەتــی لــە خوێندنگــەدا و ســووربوون و جەختکردنــەوە بەردەوامەکانــی

(ڕێکخراوی تاکۆ) بۆ وەرگێڕانی ئەم ڕێبەرە، خۆشبەختانە توانیم ئەنجامی بدەم، تاکو ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ ئەو توێژەرانەی لە خوێندنگەکاندا کاردەکەن بە قۆناغە جیاوازەکانییەوە، تا ئەگەر کەمیش بێت لە گرفتەکانیان کەم بکاتەوە و هاوکاریان بێت لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەچەند سەرنجێک بدەم کە پەیوەستن بە وەرگێڕانەکەوە، هەڵبەتە ئەم ڕێبەرە لەلایەن توێژەرێکی ئیماراتییەوە ئامادەکراوە، بەڵام تاڕاددەیەکی زۆر باش توێژەران دەتوانن سوودی لێوەربگرن، تاکو ڕێبەرێکی گشتگیرتر لە کوردستان ئامادەدەکرێت. سەرنجێکی دیکەم ئەوەیە کە دەستکاری ناونیشانی کتێبەکەم کردووە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کوردستاندا تەواوی ئەوانەی لە خوێندنگەکاندا کاردەکەن بە دەروونناس و کۆمەڵناسەوە بە توێژەر دەناسرێن و هەموویان یەک ئەرکیان هەیە کە ئەویش ڕێنماییکردنی خوێندکارانە، لەکاتێکدا لە وڵاتانی دیکەدا بە (پسپۆر، کارمەند، ڕێنماییکار...) نادەبرێن.

لە کۆتاییدا پێم خۆشە سوپاسی بێ پایانم پێشکەش بە (ڕێکخراوی تاکۆ) بەتایبەت هەردوو هاوڕێم (لەتیف حسەین و نەبەز ئەزوەر) بکەم، کە بەدڵنیاییەوە ئەگەر جەختکردنەوە و هاندانی بەردەوامی ئەوان نەبوایە ئەم ڕێبەرە ڕووناکی نەدەبینی...

دانا مەلا حەسەن
٢٠١٤/٤/٢٥
سلێمانی

# دەروازی یەکەم

# پەیڕەوکردنی ڕێگاکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا

# بەشی یەکەم
# خزمەتگوزاریی خوێندنگەیی

# چەمکی خزمەتگوزاریی خوێندنگەیی

جێی ئاماژەیە خوێندنگە تەنها دامەزراوەیەکی فێرکاری نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکارییە و چەندین ئەرکی کۆمەڵایەتی گرنگی هەیە، پێویستە لەگەڵ گۆمەڵگەی خۆجێییدا کارلێک بکەن و بەشێکی جیانەکراوەی ئەم کۆمەڵگەیەشە و کاری تێدەکات و لەهەمان کاتدا پێشی کاریگەر دەبێت و تاکەکانی بۆ ژیان و بەشداریکردنێکی ئەرێنی لە گەشەکردنیدا ئامادەدەکات.

**خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی بەرلەوەی پیشەبێت، پەیامێکی پەروەردەییە و لەسەر چەند بنەمایەک بەندە:**

- یارمەتیدانی خوێندکار -وەک حاڵەتێکی تاکەکەسی و وەک ئەندامێک کە لە کۆمەڵگەدا دەژی- بۆ هێنانەدی گەشەکردنێکی هاوسەنگ و تەواوی کەسێتی، هەروەها سوود وەرگرتن لە پسپۆری فێربوون تا ئەو ڕاددەیەی دەتوانێت. بەمەش دەبێتە ئامرازێک بۆ گەشەکردنی خوێندکار و گروپ و کۆمەڵگە.
- بەکۆمەڵایەتیکردنی خوێندکار و ڕاهێنانی لەسەر ژیان و مامەڵەی مرۆیی ئەرێنی.
- دەوڵەمەندکردنی خوێندکار بە پسپۆری و لایەنە مەعریفییەکان، تا ئامادەبێت بۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتی باشتر.

- ڕاستکردنەوەی ڕەفتارەکانی و وەرگرتنی توانستی خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی ئاسایی.

- یارمەتیدانی خوێندکار بۆ ئاشنابوون بە ئامادەباشی و توانست و حەزەکانی و گەشەپێدانیان و سوودلێوەرگرتنیان تا ئەو ئاستەی دەتوانرێت.

- تەواوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەدا لەپێناو وەبەرهێنانی توانستە مرۆییە بەردەستەکان و هاندانی بۆ کاری بونیادنەرانە، هەروەها بەستنەوەی خوێندکار بە ژینگەی خۆجێییەوە.

بەم پێیە، خزمەتگوزاریی خوێندنگەیی، لایەنێکی سەرەکی و بنچینەیی ئەرکی پەروەردەیی فێرکاری خوێندنگەیە.

# ئامانجەکانی
# خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی

دەتوانین ئامانجەکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١. وەرگرتنی چەند ئاراستە و لێهاتوویی و شارەزاییەک لەوانە:

ا) وەرگرتنی کۆمەڵێک ئاراستەی باش لەلایەن خوێندکارەوە، وەک:

- ئینتیمای بۆ کۆمەڵگەی خۆجێیی و نەتەوەیی و مرۆیی.
- بڕوابوون بە ئامانجە هاوبەشەکان.
- گەشەپێدانی گیانی هاریکاری لەگەڵ ئەوانی دیکەدا و کارکردن بەگیانی تیم.
- توانای سەرکردایەتیکردن و شوێنکەوتەیی.

- توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی.
- ڕێزگرتن لە سیستم و بەهای کات و کار.
- بیرکردنەوەیەکی واقیعی درووست.
- توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان.

ب) وەرگرتنی چەند شارەزاییەکی دەستی و هونەری و هزری لەلایەن خوێندکارەوە.

جـ) یارمەتیدانی خوێندکار تاکو بڕێکی گونجاو زانیاری و شارەزایی پەیدابکات، کە یارمەتیدەدەن لە خۆی تێبگات و بە کۆمەڵگەکەی ئاشنابێت.

٢. پەیوەستبوون بە پلانی نەتەوەیی گەشەکردنەوە.

٣. لەبەرچاوگرتنی تەواوی خوێندکاران و جەختکردنەوە لەسەر ئەوانەی زیاتر پێویستییان بە چاودێریی هەیە.

٤. بەشداریکردن لە گەشەکردنی ئەرێنی خوێندکار، تا سوود لە پرۆسەی فێربوون وەربگرێت.

٥. بەستنەوەی خوێندنگە بە ژینگە و پرسەکانی کۆمەڵگەوە.

# بوارە سەرەکییەکانی کاری توێژەر لە خوێندنگەدا

لەژێر ڕۆشنایی چەمکی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی خوێندنگە و ئامانجەکانیدا، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە توێژەر لەمیانەی سێ لایەنی سەرەکییەوە کارەکەی دێتەدی، ئەوانیش:

١. **لایەنی بونیادنان و گەشەکردن،** کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

- ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی خوێندکاران لەمیانەی گروپی

خوێندنگـەوە، هەروەهـا ڕەخسـاندنی هەلـی بەشـداریکردنی زۆرتریـن ژمـارەی خوێنـدکاران تیایـدا، کـە دەبێتـە هـۆی دۆزینـەوە و گەشـەکردنی بەهـرە و حـەز و تواناکانیـان.

– ڕێکخسـتنی خزمەتگوزارییە پێویسـتەکانی گەشـەکردنی خوێندکاران لـەڕووی جەسـتەیی و دەروونـی و عەقڵـی و کۆمەڵایەتییەوە.

– گەشـەدان بـە بەهـرە و حـەز و تواناکانیـان و هاندانـی خوێنـدکاران لەسـەر ئـەو ئاواتـە جیاوازانـەی هەیانـە لەنـاو خوێندنگـە و دەرەوەیدا.

٢. **لایەنی خۆپارێزی،** کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

ئــەو هەوڵانــەی دەدرێــن بــۆ لێکۆڵینــەوە و چارەســەرکردنی ئــەو بارودۆخـە کۆمەڵایەتـی و هەڵچوونیانـەی بەشـێوەیەکی ئەرێنـی کار لـە خوێنـدکاران دەکـەن، ئەمـەش وادەکات خوێنـدکاران لـە هۆکارەکانـی لادان بپارێزێـت و یارمەتییـان دەدات بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە تەنگـژە و کێشـەکان.

٣. **لایەنی چارەسەرسازی،** کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

ئــەو هــەوڵ و خزمەتگوزاریانەیــە کــە دەدرێــن بــۆ یارمەتیدانــی خوێنـدکاران تـا چارەسـەری کێشـە جیاوازەکانیـان بکـەن، کـە دەبنـە بەربەسـت لەبـەردەم گەشـەکردن و سـوودوەرگرتنی تەواویـان لـە ژیانـی خوێندنگـە.

**لـە چوارچێـوەی ئـەو سێ لایەنـەی باسـکران، پێویسـتە توێـژەر لـەم بوارانـەدا مامەڵـە لەگـەڵ خوێندکارانـدا بـکات:**

**یەکەم: بواری کاکردن لەگەڵ حاڵەتە تاکەکەسییەکاندا:**

حاڵەتــە ڕەفتــاری و کۆمەڵایەتــی و خوێندنگەیــی و تەندروســتی و ئابــووری و... هتــدی خوێنـدکاران لەخۆدەگرێـت، بەئامانجـی سـازدانی

بارودۆخـی گونجـاو، کـە یارمەتییـان دەدات بـۆ خۆگونجانـی کۆمەڵایەتـی و بەدەسـتهێنانی پسـپۆری فێـرکاری و بەرەنگاربوونـەوەی تـەواوی ئـەو بەربەسـتانەی دێنەڕێـی هێنانـەدی ئـەم ئامانجـە، لەمیانـەی بەرنامەیەکـی خۆپارێـزی و گەشـەکردن و چارەسەرسـازییەوە.

**دووەم: بواری کارکردن لەگەڵ گروپەکاندا:**

پێکهێنانــی گروپــی خوێندنگەیــی جۆراوجــۆر و ڕەخســاندنی هەلــی بەشـداریکردن بـۆ زۆرتریـن ژمـارەی خوێنـدکار تیایانـدا و سەرپەرشـتی کردنــی ئــەو گروپانــەی سروشــتێکی کۆمەڵایەتییــان هەیــە، هەروەهــا کارکــردن بــۆ دۆزینــەوەی جۆرێــک لــە کارلێکــی بونیادنەرانــە لەنێــوان تاکەکانـی ناوەنـدی خوێندنـدا، لەمیانـەی ئـەم گروپانەوە، کـە لەلایەکەوە دەبێتەهــۆی گەشــەکردنی کەســێتی خوێنــدکار و ڕاســتکردنەوەی ڕەفتارەکانــی، لەلایەکــی دیکەشــەوە یارمەتــی بەســتنەوەی خوێندنگــە دەدات بــەو ژینگەیــەوە کــە دەوری داوە.

**سێیەم: بواری کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەدا:**

کارکــردن لەگــەڵ ڕێکخســتنەکانی خوێندنگــە لەخۆدەگرێــت، بەمەبەسـتی یارمەتیدانـی بـۆ هێنانـەدی ئامانجـە خـوازراوەکان، بەمـەش یارمەتــی بەســتنەوەی خوێنــدکار دەدات بــە کۆمەڵگــەی خۆجێییــەوە، هەروەهــا دۆزینــەوەی پەیوەنــدی بەهێــز لەنێــوان خوێنــدکاران و ژینگەکەیانـدا و ڕەخسـاندنی هەلـی بەرەنگاربوونـەوەی ئـەو هەڵوێسـتە ڕاســتەقینانەی ژیانــی گشــتی کــە کەســێتییان بونیــاد دەنێــت و بەشـداری لـە بەکۆمەڵایەتیبوونیـان و ئامادەکردنیانـدا دەکات، ئەمـەش خۆشــگوزەرانی بــۆ کۆمەڵگــە دەهێنێــت.

پێویســتە ڕەچــاوی ئــەوەش بکەیــن کــە کاری کۆمەڵایەتــی لــە

خوێندنگەدا لەو سێ لایەنەدا کە باسکران، پێویستی بە ئەنجامدانی چەند لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەک هەیە، تا بە واقیع و پێداویستییە ڕاستەقینەکانیان ئاشنابێت، هەروەها پێویستی بە پلانی ستراتیژی و بەدواداچوون و پرۆسەی ڕێکخستنی کارگێڕی هەیە.

# بەشی دووەم
# خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا

# خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا

خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا جیاوازە لە خزمەتگوزاریی لە کایەکانی دیکەدا، چونکە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا خوێندکار خۆی داوای یارمەتی ناکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو، بەڵکو زۆرینەی ئەو کێشانەی دەچنە لای توێژەران لەلایەن مامۆستایان و دەستەی کارگێڕی خوێندنگەوە دەنێردرێن، یان لەلایەن بەخێوکەری خوێندکارەوە، یاخود لەمیانەی توێژەر خۆیەوە و لەڕێی ئەو پەیوەندییانەوە کە لەگەڵ خوێندکاراندا هەنی، یان لەڕێی تێبینیکردنی ڕەفتارە جیاوازەکانی خوێندکارانەوە.

لەم حاڵەتانەدا توێژەر ناتوانێت بەشدارنەبێت و هەوڵنەدات کێشەکە بۆ خوێندکارەکە ڕوون نەکاتەوە و یارمەتی نەدات لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ دەربازبوون لە کێشەکە. لەبەرامبەردا توێژەر ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی کە خوێندکاران ئاشنانین پێیان.

کێشە تاکەکەسییەکان بەهۆی جیاوازی کەسێتی خوێندکار و ئەو هەڵوێستەی ڕووبەڕووی بۆتەوە جیاوازدەبن، لەوانەیە کێشەکە کێشەی خوێندن، دەروونی، خێزانی، ئابووری یان تەندروستی... هتد بێت، لەوانەیە کێشەکە کاتی یان بەردەوام بێت، توێژەر بە پشتبەستن بە توانستە ناوخۆییەکانی خوێندنگە جا مادی بن یان

مرۆیـی مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم کێشـانەدا دەکات، هەندێـک جاریـش داوای هـاوکاری لـە هەندێـک دامـەزراوەی کۆمەڵگـە دەکات، کـە خزمەتگوزاریـی پێشـکەش دەکـەن، تـا بەشـداری لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکەدا بکـەن.

## کێشەکانی خوێندنگە

کێشـەی خوێندنگـە پێناسـەدەکرێت بـەوەی کـە: (ئـەو هەڵوێسـتەیە کـە توانسـتەکانی خوێنـدکار ناتوانـن وەک پێویسـت بەرەنـگاری ئـەو بەربەسـتانە ببنـەوە کـە دێنەڕێـی خوێندنەکـەی و کاردەکەنـە سـەر خوێنـدن و ژیانـە گشـتییەکەی).

**بەشێوەیەکی دیکە کێشەی خوێندنگە بریتییە لە:**

- هەڵوێستێک ڕووبەڕووی خوێندکار دەبێتەوە.
- خوێندکارەکە لەتوانایدا نییە ڕووبەڕووی ببێتەوە.
- خوێندکار پێویستی بە کەسێکە هاوکاری بکات.
- ئـەم هەڵوێسـتە کاردەکاتـە سـەر خوێنـدن و ژیانـی خوێندکارەکـە بەشـێوەیەکی گشـتی.

**دەتوانیـن گرنگتریـن کێشـەکانی خوێندنگـە لـەم جۆرانـەدا کـورت بکەینـەوە:**

**یەکەم: کێشەی دواکەوتن لە خوێندن:**

ئـەم جـۆرە کێشـانە بەتایبەت لـە لە قۆناغە سـەرەتاییەکانی خوێندندا بـڵاون، ئەمـەش بـە سـەرەتای دەرکەوتنـی دیاردەکانـی خۆدزینـەوە لـە خوێندنگـە و چونـە نـاو گروپـە لادەرەکانـەوە هەژماردەکرێت. هەنووکـە ئـەم کێشـەیە بەشـێوەیەکی بەرچـاو بڵاوبۆتـەوە، بـە لەبەرچاوگرتنـی

زۆربوونـی ژمـارەی خوێنـدکاران لـە خوێندنگەکانـدا کـە هاوکاتـە لەگـەڵ کەمـی ژمارەی توێژەران، سـەرەڕای پشتگوێخسـتنی خوێنـدکاران لەلایەن خێزانەکانیانــەوە، هەروەهــا مامۆســتاش بەهــۆی ئــەو ژمــارە زۆرییــەوە ناتوانێـت بەدواداچـوون بـۆ تـەواوی خوێندکارانـی پۆلەکـەی بـکات.

**گرنگترین هۆکارەکانی کێشـەی دواکەوتـن لـە خوێنـدن لـەم خاڵانـەدا کـورت دەبنەوە:**

**هۆکارە خودییەکان:** وەک:

- لایەنە عەقڵییە گشتییەکان:

وەک: دواکەوتنـی زیرەکـی و لاوازی عەقڵـی، یاخـود هـۆکاری عەقڵـی تایبــەت، وەک توانــای ســەرنجدان، توانــای زمانەوانــی یــان ماتماتیکــی، هەروەهـا پەرشـوبڵاوی بیرکردنـەوە و گرفتـی تێگەیشـتن.

- لایەنە تەندروستی و جەستەییەکان:

کـە دەبنـە هـۆی کەموکوڕییەکـی گشـتی لـە چالاکیـدا، وەک کـەم خوێنـی (ئەنیمـا)، کەموکوڕییـە جیاوازەکانـی وەک لاوازی بینیـن و کورت بینـی، یـان بەهـۆی زۆرهەوڵـدان و دوودڵییـەوە کـە دەبنـە ڕێگـر لەبـەردم کارلێکـی ئەرێنیانـەی خوێنـدکار لەنـاو پـۆل و دەرەوەیـدا.

- لایەنە دەروونییەکان:

نیشــانەکانی لەشــێوەی تــرس و دوودڵــی و گۆشــەگیریی و خەمۆکـی و... هتـدا دەردەکـەون، کـە دەبنـە هـۆی دەرکەوتنـی چەنـد نیشـانەیەکی نەخۆشـییە دەروون جەسـتەییەکان (سایکۆسـۆماتی) وەک: میزبەخۆداکردنــی خۆنەویســتانە، سەرئێشــە، برینــی گــەدە (قرحــە المعــدە) و چەندیــن نیشــانەی دەروونــی دیکــە.

- لایەنە کۆمەڵایەتییەکان:

کـە بەهـۆی لاوازی خـودی بـاڵا و لەدەسـتدانی بەهاکانـەوە درووسـت

دەبێــت، وەک درۆ، دزی، دوژمنــکاری سێکســی، لاوازی پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان.

**هۆکارە ژینگەییەکان:**

چەنــد هۆکارێــک دەگرێتەخــۆی، وەک: هــۆکارە خێزانییەکانــی وەک تێکچوونــی پەیوەندییــە خێزانییــەکان، شــێوازی بەکۆمەڵایەتیکردنــی هەڵــە، هەروەهــا ئــەو هۆکارانــەی پەیوەســتن بــە گــەڕەک و شــوێنی خوێندنگــە و بارودۆخەکانــی و کاریگەری ئامــرازە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن.

**دووەم: کێشەکانی ڕاکردن لە خوێندنگە:**

ئامادەنەبوونــی چەندبــارەی خوێنــدکار و ناپابەنــدی خوێنــدکار، بــە نیشــانەکانی ئــەو کێشــانە هەژماردەکرێــن کــە بەشــێوەیەکی توندوتــۆڵ بە کەســێتی خوێنــدکار و پەیوەندییەکانــی لــە خوێندنگــەدا بەســتراونەتەوە، هەروەهــا ئــەم کێشــەیە یەکێکــە لــە هۆکارەکانــی لاوازی خوێنــدن، وە ئــەم کێشــەیە بــە چەنــد هۆکارێکــی تایبــەت بــە کەســێتی خوێنــدکارەوە بەســتراوەتەوە، وەک تەمــەن، زیرەکــی، شــڵەژانی دەروونــی و ڕەفتــاری، هــۆکارە هەڵچوونییــەکان کــە لــە زاڵبوونــی تــرس لــە خوێندنگــەوە ســەرچاوەدەگرێت، کــە دەتوانرێــت بە ترســی نەخۆشــی لە پەیوەســتبوون بــە هەڵوێســتی قوتابخانــەوە بناســێنرێت.

ئــەم کێشــەیە لایەنێکــی ترســناکە لــە قۆناغــی ئامادەییــدا بەهــۆی سروشــتی ئــەم قۆناغــەوە ســەرەڕای ئــەوەی خوێنــدکار لــەم قۆناغــەدا ئــارەزووی لــە کات بەســەربردنە، شــایەنی باســە کێشــەی ڕاکــردن لــە خوێندنگــە جگــە لــە ئاماژەیــەک بــۆ بوونــی چەنــد کێشــەیەکی خوێنــدن یــان خێزانــی یــان ئابــووری چیدیکــە نییــە.

### سێیەم: کێشەکانی شڵەژانی دەروونی:

هەندێکجار خوێندکار لە خوێندنگەکاندا ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی دەروونی توند دەبێتەوە بەتایبەت خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، کە کەشەکە لەبارە بۆ تووشبوون بەم جۆرە کێشەیە، چونکە قۆناغی هەرزەکاری بەوە دەناسرێتەوە کە هەستیارییەکی زۆریان هەیە بۆ ڕەخنە و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی خێزان و خوێندنگە، خوێندکار لای قورسە خۆی لەگەڵ خوێندنگەدا بگونجێنێت، نیشانەی چەند نەخۆشییەکی تێدا دەردەکەوێت، وەک: وڕێنە، بیرۆکەی هەڵە، کێشەکانی شڵەژانی دەروونی چەند شێوەیەک لەخۆدەگرن، لەوانە: نەخۆشییە عەقڵییەکان، نەخۆشییە دەروونییەکان، نەخۆشییەکانی دژە کۆمەڵگە.

### چوارەم: کێشە ڕەفتارییەکان:

پەیوەستە بەو ڕەفتارە نەشیاوانەوە کە خوێندکار لەناو خوێندنگەدا ئەنجامیان دەدات، کاتێک ئەو ڕەفتارە دەگاتە پلەی شڵەژانی عەقڵی یان دەروونی، لەوانە: شەڕەنگێزی، درۆ، خووگرتن بە دەستپەڕەوە... هتد. لەم دواییانەشدا کێشەی جگەرەکێشان و بەکارهێنانی هەندێک حەبی وەک: وزەبەخشەکان کە کاردەکەنە سەر ڕەفتاری خوێندکار و پەیوەستبوونی بە ڕێساکانی خوێندنگەوە.

### پێنجەم: پێکهاتەی ناسروشتی:

پەیوەستە بە ناسەلامەتی یان ناتەواوی گەشەکردنی جەستەییەوە، وەک: حاڵەتەکانی ئیفلیجی و لاوازی بینین یان بڕینەوەی پەلەکان یان شێواوی... هتد.

### شەشەم: کێشە خێزانییەکان:

ئـەو کێشـانەن کـە لـە تێکچوونـی بونیاد یاخـود ئەرکەکانـی خێزانەوە سـەرچاوە دەگـرن، بەهـۆی خراپـی پەیوەندییـە خێزانییەکانـەوە، یاخـود بەهـۆی جیابوونـەوەوە، یـان مردنـی یەکێـک لـە دایـک و باوکـەوە، هەروەهـا تێکچوونـی ئەرکەکانـی بەکۆمەڵایەتیبـوون لەنـاو خێزانـدا، وەک: بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکان لەلایـەن باوکـەوە... هتـد، ئـەم هۆکارانـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ کاردەکەنـە سـەر خوێنـدکار.

### حەوتەم: کێشە تەندروستییەکان:

ئـەو کێشـانەن کـە لـە تووشـبوونی خوێنـدکار بـە نەخۆشـییەکی درێژخایەنـەوە سـەرچاوەدەگرن، وەک: ڕەبـۆ، ڕۆماتیزمـی دڵ، یـان نەشـتەرگەرییەک کـە کاردەکاتـە سـەر ئەندامێکـی جەسـتە، ئەمـەش دەبێتەهـۆی کەمبوونـەوەی توانـای خوێنـدکار بـۆ سـوودوەرگرتن لـە پرۆسـەی خوێنـدن.

### هەشتەم: کێشە ئابوورییەکان:

ئەو کێشانەن کە لە دابەزینی داهاتی خێزان یان زۆری ئەندامەکانی یان نەبوونی سەرچاوەی داهاتی خێزانەوە سەرچاوەدەگرن، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر تێرکردنی پێداویستییەکانی تاکەکان لەلایەن خێزانەوە سەرچاوەدەگرن، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر تێرکردنی پێداویستییەکانی تاکەکان لەلایەن خێزانەوە. خوێندنگە بە دامەزراوەیەکی پێشکەشکردنی کۆمەکی ئابووری هەژمارناکرێت. باشتریش وایە کۆمەک پێشکەش بە خوێندکار نەکرێت، بەڵکو وزە و تواناکانی لەڕێی کارکردن و هاندانی بۆ کارکردنەوە وەبەربهێنرێن، تا نەبێتە کەسێکی بەرخۆری وا کە پشت بەوانی دیکە ببەستێت.

# تایبەتمەندییە گشتییەکانی جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا

## یەکەم: دەروازەکانی خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا:

**خزمەتگوزاریی خۆپارێزی تاک:**

مەبەست لێی پاراستنی خوێندکارە لەوەی کێشەکە بەشێوەیەکی قـوووڵ کاری تێنـەکات، لێـرەدا مـەرج نییـە کێشـەکە ڕووی نەدابێـت، بەڵکو کێشـەکە ڕوویـداوە بـەڵام خوێنـدکار باسـی نەکـردووە یـان لـە قۆناغێکـی سـەرەتایی دایـە و بەشـێوەیەکی بەرچـاو کاری نەکردۆتـە سـەر خوێنـدکار.

**دەتوانیـن ئـەم شـێوازانەی خـوارەوە بـۆ هێنانـەدی خزمەتگوزاریـی خۆپارێـزی تـاک بەکاربهێنیـن:**

- جێبەجێکردنی شێوازی دەستپێشخەری:

شـێوازێکی تێکەڵـە لەنێـوان ئـەو خزمەتگوزارییـە تاکەکەسییەی کە خراوەتـەڕوو لەگـەڵ ئـەوەی کـە پێویسـتە، خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە توێـژەر بچێتـە شـوێنگەلێکی وەک: پۆلـەکان، ڕیزبوونـی بەیانیانـی خوێنـدکاران، هۆڵـی چالاکی، لەپێنـاو دۆزینەوەی هەندێک لەو حاڵەتانەی کـە خوێنـدکار بەشـێوەیەکی خۆویسـتانە داوای یارمەتـی نەکـردووە.

- پێداچوونەوەی فۆرمەکانی خوێندنگە:

بوارێکی باشە بۆ دۆزینەوەی چەندین حاڵەتی جۆراوجۆر.

- پێداچوونەوەی تۆماری ئامادەنەبوون لە خوێندنگەدا:

ئاشـکرایە ئامادەنەبوونـی چەنـد بـارەی خوێنـدکار، ئاماژەیەکـە بـۆ

بوونـی چەندیـن کێشـە.

- بڕوانامەکانی خوێندن:

بەتایبـەت حاڵەتـی زۆر دواکەوتـن لـە خوێنـدن کـە دوای هەمـوو هەڵسـەنگاندنێک یـان تاقیکردنەوەیەکـی وەرزی یـان کۆتایـی سـاڵ دەردەکەوێـت.

**خزمەتگوزاریی چارەسەرسازی تاک:**

خزمەتگوزاریـی چارەسەرسـازی تـاک لـە خوێندنگـەدا لەمیانـەی ئـەم ئاسـتانەدا جێبەجـێ دەکرێـت:

- هەڵوێست و ڕاوێژکارییە خێراکانی خوێندنگە:

هەڵوێسـت گەلێکـە زۆرینـەی کاتـی توێـژەر لەنـاو خوێندنگـەدا بۆخـۆی دەبـات، زۆر کات لەکاتـی کارکردنـدا ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە، وەک: دەمەقاڵێـی نێـوان خوێنـدکاران، دەرکردنـی خوێنـدکار لەپـۆل لەلایـەن مامۆسـتاوە، لەهۆشـخۆچوونی خوێنـدکار... هتـد.

توێـژەری لێهاتـوو ڕێگەنـادات ئـەم هەڵوێسـتانە بـێ بایـەخ پێـدان تێپـەڕن، بەڵکـو پێویسـتە لـە تۆمـاری ڕۆژانـەدا تۆماریان بـکات، ئەمەش وەک بەڵگەیـەک وایـە بـۆ هـەوڵ و کاری توێـژەر لـە بەدواداچوونـدا، هەروەهـا بـۆ دۆزینـەوەی هەندێـک حاڵـەت بەسـوودە، کاتێـک ئـەو هەڵوێسـتە دووبـارە دەبێتـەوە.

- حاڵەتە تاکەکەسییەکان:

توێـژەر مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو کێشـانەدا دەکات کـە هەڕەشـەن بۆسـەر خوێنـدکار و ڕێگـە نـادەن سـوود لـە پرۆسـەی فێرکـردن وەربگرێـت، مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئـەم حاڵەتانـەدا لەمیانـەی ئـەم شـوێنانەوە دەبێـت:

– ئەو حاڵەتانەی لەناو خوێندنگەدا چارەسەر دەکرێن.

ئـەو حاڵەتانـە دەگرێتـەوە کـە سـادەن و دەتوانرێـت لەمیانـەی ئـەو

توانستە سنووردارانەوە چارەسەر بکرێن کە لەناو خوێندنگەدا هەن، وەک: حاڵەتەکانی خوێندن، گرفتی خێزانی سادە... هتد.

– ئەو حاڵەتانەی لەدەرەوەی خوێندنگە چارەسەر دەکرێن:

ئەو خاڵەتانە دەگرێتەوە کە ئاڵۆزن و ناتوانرێت لەمیانەی ئەو توانستە سنووردارانەوە چارەسەر بکرێن کە لەناو خوێندنگەدا هەن، توێژەر بەشێوەیەکی گشتی ڕەوانەی دامەزراوەکانی دەرەوەی خوێندنگەیان دەکات، وەک: نەخۆشخانەکان، کلینیکە دەروونییەکان، ناوەندەکانی ڕاهێنانەوە... هتد. زۆر جار ئەم حاڵەتانە ڕەفتاری و شڵەژانی دەروونی و نەخۆشین... تادوایی.

توێژەری لێهاتوو لەناو خوێندنگەدا حاڵەتەکان لێکدی جیادەکاتەوە و ئاشنای تەواوی ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە ئەو دامەزراوەیە پێشکەشیان دەکات کە خوێندکارەکەی بۆ دەنێرێت. ناردنی حاڵەتێک بۆ دامەزراوەیەکی دەرەکی مانای ئەوە نییە کە توێژەر پەیوەندی بەم حاڵەتەوە نامێنێت، بەڵکو پێویستە بەدواداچوون بۆ ئەو هەوڵانە بکات کە لەگەڵ خوێندکارەکەدا دەدرێن.

### خزمەتگوزاریی گەشەپێدانی تاک:

لێرەدا توێژەر مامۆستا و پێشەوا و ئاراستەکەر و هاوکاری خوێندکارە سەرکەوتووەکانە تا لە سەرکەوتنەکانیان بەردەوام بن و توانستە جیاوازەکانیان بوروژێنێت، بەشێوەیەک ئاراستەیان بکات کە خوێندکار بکاتە ڕەگەزێکی بەرهەمهێن لەناو خوێندنگە و کۆمەڵگەدا.

### دووەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا:

مەبەست لە ڕەگەزەکانی خزمەتگوزاریی تاک ئەو یەکە لاوەکیانەن کە خزمەتگوزاریی تاک پێکدەهێنن، لە خوێندنگەدا، ئەم لایەنانە

دەگرێتەوە:

**خاوەن کێشە**: کە خوێندکارە.

**کێشە**: ئەو حاڵەت یان بارودۆخەیە کە خوێندکار بەدەست نارەحەتییەکانییەوە دەناڵێنێت.

**توێژەر**: ئەو کەسەیە کە پسپۆرە لە پیشەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی و بواری خوێندنگە بەشێوەیەکی تایبەتی.

**دامەزراوە**: بریتییە لە خوێندنگە یان پەیمانگا یاخود زانکۆ.

**پرۆسەی یارمەتیدان**: کۆمەڵێک هەنگاوی یەک لەدوای یەکە کە توێژەر پێیان هەڵدەستێت بەئامانجی هاوکاریکردنی خوێندکار بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکەدا.

## سێیەم: پرۆسەکانی خزمەتگوزاریی تاک لە خوێندنگەدا:

مەبەست لە پرۆسەکانی خزمەتگوزاریی تاک کۆمەڵێک هەنگاوی یەک لەدوای یەکی بەیەکەوە بەستراوی کارلێککردووە، کە توێژەر لەژێر ڕۆشنایی ئامادەباشییە پیشەییەکانی و بەڕێگەیەکی تایبەت پێیان هەڵدەستێت، لەڕووی تیۆرییەوە کۆمەڵێک پرۆسەی لێک دابڕاون، کە بەم شێوەیەی خوارەوە لە خوێندنگەدا جێبەجێ دەکرێن:

### لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی دەروونی:

ئاشنابوونە بەو ڕاستییانەی لە کەسێتی خاوەن کێشەوە سەرچاوەیان گرتووە و لەناو ژینگەدا خۆیان حەشار داوە، لەگەڵ ئەو ڕێگەیەی کارلێکی لەگەڵدا کردووە بۆ ڕوودانی هەڵوێستە خراپەکە بەئامانجی گەیشتن بەو دیاریکردنەی یاریدەی دانانی چارەسەر

دەدات.

بۆئـەوەی توێـژەر پرۆسـەی لێکۆڵینـەوە جێبەجـێ بـکات، پێویسـتە بایـەخ بـە دیاریکردنـی ئـەم لایەنانـەی خـوارەوە بـدات:

**دیاریکردنی شوێنەکانی لێکۆڵینەوە:**

ئـەو داتـا جۆرییـە هەڵبژێردراوانەیـە کـە سروشـتی کێشـەکە دیارییـان دەکات لـە ڕوویەکـەوە و ئەرکـی دامەزراوەکـە لـە ڕوویەکـی دیکـەوە.

لەبەرئــەوەی توێــژەر لــە خوێندنگــەدا، لەگــەڵ چەندیــن کێشــەی جۆراوجـۆردا مامەڵـە دەکات، بۆیـە دیاریکردنـی شـوێنەکانی لێکۆڵینـەوە یەکێکـە لـەو شـارەزاییە گرنگانـەی پێویسـتە توێـژەر لـە هەڵبژاردنـی شــوێن و زانیارییــە پێویســتەکاندا هەیبێــت، بەپێــی ئــەو ئەگــەرە جیاوازانــەی شــوێنەکانی لێکۆڵینــەوە دەگرنەخــۆ.

چەنـد خاڵێکـی سـەرەکی هاوبـەش لەنێـوان تـەواوی ئـەو حاڵەتانـەدا هەیـە کـە توێـژەر لـە خوێندنگـەدا مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکات، بـە چاوپۆشــین لــە جــۆری کێشــەکە، ئەمــەش بــە مێــژووی کۆمەڵایەتــی ناودەبرێـت، لێـرەدا ئـەو خاڵانـە کـوورت دەکەینـەوە:

**داتا سەرەتاییەکان:**

ئامانجــی ئاشــنابوونە بــە خوێنــدکار، ئــەو داتایانــەش وەک: نــاو، تەمـەن، پـۆل، سـاڵی خوێنـدن، پیشـەی بەخێوکـەر، ژمـارەی مۆبایـل... هتـد.

**سروشتی کێشەکە:**

وەسـفکردنی کێشـەکە لەئێسـتادا، کـە پاڵـی بـە خوێندکارەکـەوە ناوە داوای یارمەتـی بـکات، ئایـا سـادەیە و دەتوانرێـت جیابکرێتـەوە؟، یاخود ئاڵـۆزە، بەهـۆی بەیەکداچوونـی چەندیـن هـۆکار لە دروستبوونیدا؟.

**کەسێتی خوێندکار:**

لێکۆڵینــەوە لــە کەســێتی خوێنــدکار لــە لایەنــە جیاوازەکانییــەوە،

وەک: جەستەیی، عەقڵی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، بەپێی ئەوەی کارکردن لەگەڵ حاڵەتەکەدا دەیخوازێت.

**پێکهاتەی خێزانی:**

لەڕووی ژمارەی ئەندامان و ڕێگاکانی ژیان و پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و دایک و باوک و شێوازی سەرکردایەتیکردن لەناو خێزاندا و پلەی هاریکاریی نێوان تاکەکان... هتد.

**دەرامەت:**

شیکردنەوەی ئاستی ئابووری، وەک: سەرچاوەکانی دەرامەت، لایەنەکانی خەرجکردن و ئەوانەی خەرجییان لەئەستۆیە، هەروەها کاریگەری لایەنی ئابووری لەسەر کێشەکانی دیکە.

**ئەو بارودۆخە ژینگەییانەی دەوری خوێندکاریان داوە:**

وەک: ئەو گەڕەکەی تێیدا نیشتەجێیە بە دابونەریت و خزمەتگوزارییەکانییەوە، ئەو پەیوەندییانەی تیایدا باون و ئاستی پاکوخاوێنی، هەروەها خوێندنگە و پەیوەندی لەگەڵ خوێندکاران و مامۆستایاندا.

**پەرەسەندنی کێشەکە:**

لەکوێوە سەریهەڵدا؟، لەگەڵ قۆناغەکانی پەرەسەندنی تا ئەم کاتەی ئێستا.

هەندێک حاڵەتی خوێندنگەیی لەکاتی لێکۆڵینەوەیدا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ پێشتر لە مێژووی ژیانی خاوەن کێشەکە، کە پێی دەوترێت مێژووی پەرەسەندن، کە بایەخی زۆری هەیە و تیۆرەکانی دەروونناسیش جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ساڵانی یەکەمی ژیانی مرۆڤ ڕووکارەکانی کەسێتی دیاری دەکەن، ئەگەر بمانەوێت بگەینە کێشەکە و هۆکارەکانی، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ئاشنابوون بەو نائومێدی و شکستانەی خوێندکار توشیان بووە و

بوونەتـە هـۆی ئـەوەی دووچـاری کێشـەی لـەم شـێوەیە بێـت.

کاتێـک توێـژەر لـە مێـژووی پەرەسـەندن دەکۆڵێتـەوە، جەخـت لەسـەر ئـەم خاڵانـە دەکاتـەوە:

- بارودۆخەکانـی دووگیانـی دایـک بـە خوێندکارەکـە و پرۆسـەی لەدایکبـوون.
- کەشی سۆزداری پێشوازیکردنی وەک لەدایکبووێکی نوێ.
- گەشەکردنی جەستەیی و جووڵەیی.
- گەشەکردنی عەقڵی.
- گەشەکردنی دەروونی.
- گەشەکردنی کۆمەڵایەتی.

لێکۆڵینەوەکـە بـە خسـتنەڕووی مێـژووی خوێندنـی خوێنـدکار کامـڵ دەبێـت، کـە لـەو حاڵەتانـەدا پێویسـتمانە کـە خوێنـدکار بەدەسـت لاوازی ئاسـتی خوێندنـەوە دەناڵێنێـت، مێـژووی خوێندنیـش: دواکەوتـن، پەیوەنـدی خوێنـدکار بـە خوێندکارەکانـی دیکـە و مامۆسـتاکانییەوە، شـێوازی کۆششـکردن، بایەخدانـی خێـزان بـە خوێنـدن و ئاسـتی حـەزی خوێنـدکار دەگرێتـەوە.

**بەکورتـی ناوچەکانـی لێکۆڵینـەوە لـە خوێندنگـەدا، ئـەم ئەگەرانـە دەگرێتـەوە:**

- جەختکردنـەوەی لەسـەر مێـژووی کۆمەڵایەتـی، تەنهـا لـەو حاڵەتانـەدا کـە خوێنـدکار بەدەسـت شـڵەژانی کەسـێتی یـان لاوازی ئاسـتی خوێندنـەوە دەناڵێنێـت.
- گرنگیـدان بـە مێـژووی کۆمەڵایەتـی و مێـژووی پەرەسـەندن، لەو حاڵەتانـەدا کـە خوێنـدکار بەدەسـت شـڵەژانی کەسـێتییەوە دەناڵێنێـت، بـێ ئـەوەی بەدەسـت لاوازی ئاسـتی خوێندنـەوە بناڵێنێـت.
- جەختکردنـەوە لەسـەر مێـژووی کۆمەڵایەتـی و پەرەسـەندن

و خوێنــدن، لــەو حاڵەتانــەدا کــە خوێنــدکار بەدەســت لاوازی ئاســتی خوێنــدن و شــڵەژانی کەســێتییەوە دەناڵێنێــت.

- جەختکردنــەوە لەســەر مێــژووی کۆمەڵایەتــی و خوێنــدن، لــەو حاڵەتانــەدا کــە خوێنــدکار بەدەســت لاوازی ئاســتی خوێندنــەوە دەناڵێنێــت، بــۆ ئــەوەی بەدەســت شــڵەژانی کەســێتییەوە بناڵێنێــت.

## سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە:

مەبەســت لێــی ئــەو ســەرچاوانەیە کــە توێــژەر لێیانــەوە ڕاستییەکانی خوێندنــی دەســتدەکەوێت، دەتوانیــن ئــەم ســەرچاوانە بــەم شــێوەیە دابــەش بکەیــن:

**ســەرچاوە مرۆییــەکان**: (خوێنــدکار، ئەندامانــی خێــزان، هاوڕێیانــی خوێندنگــە و دەرەوەی خوێندنگــە، مامۆســتایان، پســپۆڕانی دیکــەی وەک: پزیشــکی خوێندنگــە... هتــد).

**بەڵگەنامــە و تۆمــارەکان**: هــەر بەڵگەنامــە و زانیارییەکــی تۆمارکــراو لەبەردەســتدابێت پێویســتە ســەیر بکرێت وەک: (بڕوانامەی لەدایکبوون، بڕوانامــەی تەندروســتی، پســوڵەی خوێندنگــە... هتــد).

**ژینگــە**: بــە ســەرچاوەیەکی دەســکەوتنی زانیــاری هەژماردەکرێــت، لەڕێــی گرتنەبــەری شــێوازی تێبینیکردنــەوە، ژینگــەی نێوخۆیــی خوێنــدکار بریتییــە لــە خێــزان، بــەڵام ژینگــەی دەرەکــەی بریتییــە لــە ناوچــەی نیشــتەجێبوون لەڕوویەکــەوە و خوێندنگــە لــە ڕوویەکــی دیکەوە.

## شێوازەکانی لێکۆڵینەوە:

مەبەســت لێــی کۆمەڵێــک شــێوازە کــە بەهۆیانــەوە چەندیــن ناوچــە و ســەرچاوەی جۆراوجــۆر دەســتدەخەین، شــێوازەکانی لێکۆڵینــەوە بەشــێوەیەکی گشــتی بریتیــن لــە: چاوپێکەوتــن، ســەردانکردنی مــاڵ،

گفتوگـۆی تەلەفزیۆنــی، نووســراو و نامــەکاری.

**دیاریکردن:**

دیاریکـردن پرۆسـەیەکی عەقڵییـە، ئامانجـی دۆزینـەوەی ئـەو هـۆکار و شـێوازانەیە کـە بوونەتـە هـۆی کێشـەکە.

توێــژەر لــەدوای هەمــوو چاوپێکەوتنێکــەوە تاکــو لێکۆڵینەوەکــە تــەواودەکات، بیرۆکەکانــی دیاریکــردن دادەنێــت، پاشــان دیاریکردنــی کۆتایـی لەشـێوەی دیاریکردنـی کلینیکیـدا دادەنێـت، وەک ئـەوەی بڵێت: حاڵەتەکـە شـڵەژانێکی دەروونـی یاخـود خوێندنگەیـی یـان ڕەفتارییـە... هتـد. بەواتایەکـی دیکـە، زۆر بەدەگمـەن توێـژەر هەڵدەسـتێت بـە دانانـی دیاریکردنـی کۆتایـی لەشـێوەی داڕشـتنێکی کامڵـدا، بەهـۆی زۆری ئـەو حاڵەتانــەی کاریــان لەگەڵــدا دەکات، بەمــەش فشــاری کارکــردن وای لێـدەکات داڕشـتنێکی کامـڵ دانەنێـت، وە زۆر جاریـش ڕاسـتەوخۆ دوای تەواوکردنـی لێکۆڵینـەوە دەسـتدەکات بـە هەنگاوەکانـی چارەسـەرکردن.

**چارەسەرکردن:**

چارەسـەرکردن کارتێکردنێـی ئەرێنییـە لـە کەسـێتی خوێنـدکار یـان ئــەو بارودۆخــە ژینگەییانــەی دەوریــان داوە، بـۆ بەجێهێنانێکـی باشـتری ئەرکــە کۆمەڵایەتییەکــەی و ســەقامگیرییەکی باشــتری بارودۆخــە ژینگەییەکانـی، لەژێـر ڕۆشـنایی توانسـتەکانی خوێندنگـە و ئەرکەکانیـدا.

**لەگــەڵ ئــەوەدا کــە توێــژەر دەتوانێــت شــێوازە جیاوازەکانــی چارەســەرکردن لــەم بــوارەدا بەکاربهێنێــت، بــەڵام پێویســتە ئــەم لایەنانــەی خــوارەوە لەبەرچــاو بگرێــت:**

- چارەسـەری خـودی لـە خوێندنگـەدا بایەخێکـی گـەورەی هەیـە، چونکــە پەیوەنــدی بــە لایەنــی پەروەردەییــەوە هەیــە، هەروەهــا

پەیوەسـتە بـە توانسـتی ڕاسـتکردنەوەی کەسـێتی خوێنـدکارەوە، بەتایبـەت لەلایەکـەوە هەلـی ئامادەبوونـی خوێنـدکار بەشـێوەیەکی بـەردەوام بەردەسـتە و لـە لایەکـی دیکەشـەوە لەنزیـک توێژەرەوەیـە.

- چارەسـەری کـورت سـەرکەوتووترین و گونجاوتریـن شـێوازە لـە خوێندنگـەدا بگیرێتەبـەر، کـە خـۆی لـە بەخشـینی زۆرتریـن هـاوکاری لـە ماوەیەکـی کورتـدا دەبینێتـەوە.

- بوونـی ژینگـەی کۆمەڵایەتـی چارەسەرسـازی لەنـاو خوێندنگـەدا، وەک: مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و بوونی توانستگەلێک کە هاوکاری هێنانـەدی پلانـی چارەسەرسـازی دەکـەن، زۆر حاڵەتـی خوێندنگەیـی چارەسـەرکردنیان ئاسـاندەبێت بـە پلاندانـان لەگـەڵ مامۆسـتایان، سەرپەرشـتیاران و گروپەکانـدا، بـۆ جێبەجێکردنـی چەندیـن شـێوازی جیـاوازی چارەسـەرکردن.

هەندێـک جـار دەسـەڵات و سـزادان و پەیوەندی باوکایەتی لە شێوازە گونجاوەکانـن لەگـەڵ ئەو خوێندکارانەی ئاراسـتەیەکی لادەریان هەیە.

## چوارەم: جێبەجێکردنی پرەنسیپ و چەمکەکان لە خوێندنگەدا:

پێویسـتە توێـژەر تـەواوی پرەنسـیپ و چەمکە پیشـەییەکان جێبەجێ بـکات و ڕەچـاوی ئـەو نەرمییـە بـکات کـە لەگـەڵ هەڵوێسـتەکە و سروشـتی ئـەو کێشـەیەدا دەگونجێـت کـە خوێنـدکار بەدەسـتییەوە دەناڵێنێـت:

ئەمانـەی خـوارەوە گرنگتریـن ئـەو خاڵانـەن کـە پێویسـتە توێـژەر لـەم بارەیـەوە لەبەرچاویـان بگرێـت:

- توێـژەر لـەم بـوارەدا پەیوەندییـە پیشـەییەکانی دەگرێتەبـەر بـە ئاسـتە جیاوازەکانییـەوە (پشـتگیریکردن، کارتێکـردن، بەهێزکـردن) کـە پەیوەنـدی کارتێکـردن گونجاوترینیانـە.

- وابەستەیی ئاینی و ئاکاری و نەتەوەیی و پرەنسیپی جیاوازی نەکردن لەگەڵ هیچ خوێندکارێک لەناو خوێندنگەدا، بەوپێیەی بەپلەی یەکەم دامەزراوەیەکی پەروەردەییە.
- نهێنی پارێزی وەک بەهایەک لەمیانەی کارکردن لەم بوارەدا جگە لە نهێنی پارێزی گروپی چیدیکە نییە، ئەمەش لەمیانەی ئەوەوە کە تیمەکە لەناو خوێندنگەدا بەر لە هەر شتێکی دیکە کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی خوێندکارەکە و هاوکاریکردنی بکات.
- ئازادی یان مافی بڕیاردانی چارەنووس، کە پەیوەستە بە بەرژەوەندی تاک و خێزان و کۆمەڵگەوە.

لە هەندێک هەڵوێستدا توێژەر مافی ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سەرکۆنەی ڕەفتاری خوێندکار بکات، مادام ئەم سەرکۆنەکردنە بەپلەی یەکەم لە بەرژەوەندی خوێندکارەکەدایە.

**پێنجەم: تۆمارکردن لە خوێندنگەدا:**

تۆمارکردن لە خزمەتگوزاریی تاکدا، چەسپاندنی ئەو ڕاستی و زانیارییە پیشەییانەیە کە کارکردن لەگەڵ حاڵەتەکە دەگرێتەخۆ، تا لە فەرامۆشکردن و لەبیرچوون بپارێزرێت.

ئەو بارودۆخەی توێژەر کاری تێدا دەکات کاردەکاتە سەر هەڵبژاردنی شێوازی تۆمارکردن لەناو خوێندنگەدا، واتە توێژەر چەند کات و هەوڵی لەبەردەستدایە، گرنگترین شێوازەکانی تۆمارکردن ئەمانەن:

**شێوازی کورتکردنەوە:**

شێوازێکی گێڕانەوەیی کورتکراوەیە، بایەخ بە تۆمارکردنی ڕاستییە سەرەکییە گرنگەکان دەدات.

**شێوازی بابەتی:**

ئـەو تۆمارکردنەیـە کـە بەپێـی پەیوەسـتبوون بـە سـەرەبابەتە دیاریکراوەکانــەوە بەڕێوەدەچێــت، زۆر جــار فۆرمێکــی بەدواداچــوون ئامـادەدەکات، کـە چەنـد لایەنێـک لەخـۆ دەگرێت کـە پێویسـتە توێـژەر لەکاتــی لێکۆڵینــەوەی حاڵەتەکانــدا گرنگییــان پێبــدات.

# بەشی سێیەم
# خزمەتگوزاریی گروپ لە خوێندنگەدا

# خزمەتگوزاریی گروپ لە خوێندنگەدا

ئەرکی سەرەکی خوێندنگە فێرکردن و پەروەردەکردنە بەمانا فراوانەکەی، واتا بەکۆمەڵایەتیکردنی خوێندکار و هێنانەدی گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەکەی، لە وەرگرتنی ئەو شارەزایی و کارامەییە جیاوازانەی یارمەتیدەرن بۆ خۆگونجاندنێکی سەرکەوتوو لە هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیاندا.

ناتوانرێت پرۆگرامەکانی خوێندن تەواوی کارامەییەکانی ژیان بگرنەوە و ناشتوانرێت پرۆگرامەکانی خوێندن تەواوی شارەزاییەکانی ژیان بگرنەوە و ناشتوانین توانست و لێهاتووییە جیاوازەکانی خوێندکاران ئاشکرا بکات، هەروەها کاتی وانەکان ناتوانرێت مەشق بە خوێندکاران بکرێت بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و هاوکاری و بەجێهێنانی شێوازە دیموکراسییەکان، چونکە پەیوەستە بە بەرنامەیەکی خوێندنی دیاریکراوەوە.

بۆیە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی هۆڵەکانی خوێندن وەک بەرنامەیەکی سەربار وایە و خوێندنگە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی پێ کامڵ دەکات. پاشان دروستبوونی گروپە خۆکردەکانی خوێندنگە بۆ هێنانەدی ئەو ئەرکە.

# گروپی خوێندنگە چییە؟

ژمارەیـەک خوێنـدکارن، مەیلـی هاوبەشـیان هەیـە و خـاوەن یـەک ئامانجـن، لـە چالاکییەکـی دیاریکـراودا بەشـداری دەکـەن بەئامانجـی تێرکردنـی ئـەو مەیلانـە. مەبەسـت لـە گروپەکانـی خوێندنگـە تەنهـا ڕەخساندنی هـەل نییـە بـۆ خوێنـدکاران بـۆ ئەنجامدانـی ئـەو چالاکییـەی ئـارەزووی دەکـەن، لەوانەیـە ئەمـە لـە دەرەوەی خوێندنگـەش ئەنجـام بـدەن، بەڵکـو مەبەسـتیان گەشـەپێدانی پسـپۆری و شـارەزایی ئەندامەکانـی و فراوانکردنـی ئاواتەکانیـان و مەشـقپێکردنیانە لەسـەر نەریت و ئـەو ڕەفتـارە کۆمەڵایەتییانـەی ئـەو کۆمەڵگەیـە پێویستییەتی کـە تێیـدا دەژیـن لەکاتـی هەڵسـانیان بـە چالاکییـەک.

مەرجـە گـروپ ڕابەرێکـی هەبێـت، کـە خـاوەن تایبەتمەنـدی و شـارەزایی و شـێوازی کەسـی بێـت، کـە لـە ڕابەرایەتی کردنـی گروپەکەدا پەیڕەوییـان دەکات، هەروەهـا توانسـتی ئاراسـتەکردنی هەبێـت، بـۆ ئـەوەی ڕەگـەزی خۆکـرد لـە چالاکییەکانـدا لەدەسـت بـدات... هتـد. هـەروەک چـۆن پێویسـتە گروپەکـە لەژێـر ڕێسـایەکدا بـە ئەرکەکانـی هەڵسـێت کـە تـەواوی ئەندامەکانـی ڕازی بـکات و هەریەکەشـیان لای خۆیـەوە بـە بەرپرسـیارێتی خـۆی هەڵسـێت لـە چالاکییەکانـدا و هەموویـان بەشـداری بکـەن.

# جیاکەرەوەکانی
# گروپی خوێندنگە و تایبەتمەندییەکانی

گروپـی خوێندنگـە بـە چەنـد شـتێکی جەوهـەری لـە گروپـی پـۆل جیادەکرێتەوەگرنگترینیـان:

١. **ڕوونـی ئامانـج:** گروپـی خوێندنگـە خـاوەن ئامانجـی تـەواو ڕوونـە سـەبارەت بـە تـەواوی ئەندامەکانـی، بـەڵام گروپـی پـۆل ئامانجەکانـی ڕوون نیـن.

٢. **لێکنزیکـی:** لێکنزیکـی نێـوان ئەندامانـی گروپـی خوێندنگـە بوونـی مەیلـی هاوبـەش بـۆ ئاواتێکـی دیاریکـراو، ئـەم مەیلـەش لەسـەر بنچینەگەلێکـی سـایکۆلۆژی بونیادنـراوە، لەکاتێکـدا لـە پۆلـدا لەسـەر بنچینــەی تەمــەن و نمــرەی تاقیکردنــەوە... هتــد بونیادنــراوە.

٣. **ئەرێنــی لــە چالاکیــدا:** ڕۆڵــی توێــژەر لــە گروپــدا ڕۆڵێکــی ئەرێنییــە، ئەندامــان بەرنامــەکان و پلانــی جێبەجێکردنیــان دادەڕێــژن، بــەڵام ڕۆڵــی پێشــەوای گــروپ بەشــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆیە، لەکاتێکـدا چالاکـی خوێنـدکاران لـە پۆلـدا خەسـڵەتی ئەرێنـی بەسـەریدا زاڵــە و مامۆسـتا میحـوەری چالاکییەکـە و ئاراسـتەکردنییەتی.

٤. **ئـازادی:** ئـازادی خوێنـدکار بـۆ چوونـە نـاو گروپێکـی دیاریکـراو مەرجێکـی پێویسـتە و دەبێـت لـە گروپـدا هەبێـت، بـەڵام لـە پۆلـدا خوێنـدکار لـە هەڵبـژاردن و دانانـی بەرنامەی چالاکییەکاندا بەشـدار نییە.

٥. **خۆکـردی:** لـە چالاکـی گروپـی خوێندنگـەدا دەبینرێـت، چونکـە ئەندامەکانـی ئـەو کارە ئەنجامـدەدەن کـە حـەزی پێدەکـەن و بەسـەریاندا ناسـەپێنرێت، لەبەرئـەوە چالاکـی لـە گروپـدا پێویسـتی بـە پاڵنەرێکـی

دەرەکی نییە، بە وەستانی پاڵنەرە دەرەکییەکەش ناوەستێت.

**٦. ئاسوودەیی:** لێکنزیکی لەسەر بنەمای مەیلێکی سروشتی و ڕوونی ئامانج و دەرکپێکردنی و ئازادی خۆکردی و ئەرێنی، هەموویان هۆکارن بۆ دروستکردنی هەستکردن بە کامەرانی و ئاسوودەیی لەناخی ئەندامانی گروپدا، لەبەرئەوە خەسڵەتی ئاسوودەیی زاڵە بەسەر چالاکی گروپدا، بەوپێیەی حاڵەتێکە هاوشانی تاکە و چێژ و بەختەوەری لەخۆدەگرێت.

## چۆنییەتی درووستبوونی گروپەکانی خوێندنگە و بەڕێوەبردنیان

گروپ بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، کە بایەخی خۆیان هەیە، چونکە ئەو گروپەی بە ڕێگەیەکی درووست پێکدێت نەرمی زیاترە و زیاتریش دەمێنێتەوە، گروپی چالاکی:

١. بە دوو ڕێگە دەستپێدەکات: یەکەم: لەسەر بنچینەی خزمەتگوزارییەک یان ئامانجێک یاخود ئارەزوویەک دادەمەزرێت، کە لەلایەن خوێندکارێک یان چەند خوێندکارێکەوە دەخرێتەڕوو. دووەم: لە پێویستییەکەوە سەرچاوەدەگرێت، کە توێژەر هەستی پێدەکات و کار بۆ هێنانەدی ئەو پێویستییە دەکات لەنێو ئەو خوێندکارانەدا کە وروژاندوویانە.

٢. ئەگەر ئەو بیرۆکەیە یان خواستە یان ئامانجە لەگەڵ ئامانجەکانی خوێندنگە و ئاراستەکانیدا گونجا، ئەوا توێژەر دەتوانێت قبووڵی بکات و هەمواری بکات و لەگەڵ ئارەزوومەندانی بیرۆکەکەدا هەڵدەستێ بە دانانی پلانێکی گشتی بەئامانجی هێنانەدی ئەو

بیرۆکەیـە.

٣. خوێنـدکاران خۆیـان بیرۆکەکـە لەنـاو خوێندکارانـی خوێندنگەکـەدا بڵاودەکەنـەوە، تـا ئەوانـەی ئـارەزوو دەکەن بەشـداری تێدابکـەن، تاوەکو پەیوەندیکردنەکـەش کەسـی بێت، خوێنـدکاران زیاتـر قبووڵـی دەکەن.

٤. ئـەو خوێندکارانــە، خوێنــدکارە ئارەزوومەنــدەکان بانگهێشــت دەکـەن بـۆ کۆبوونەوەیەکـی گشـتی، بەمەبەسـتی گفتوگۆکردنـی ئامانـج یـان بیرۆکەکـە، ئەمـەش پێویسـتی بـە ڕێکخسـتن هەیـە لـەڕووی شـوێن و کات و بەرنامــەی کۆبوونەوەکــەوە.

٥. خوێنــدکاران لەگــەڵ توێــژەردا پێشــوازی لەوانــە دەکــەن کــە بیرۆکەکـە یـان ئامانجەکەیـان پەسـەندکردووە لـە شـوێنی کۆبوونەوەکـە، کەدەبێــت بەرنامەیەکــی ســەرنجڕاکێش و پێشــوازییەکی شایســتەی هەبێــت.

٦. کۆبوونەوەکــە گفتوگۆکردنــی بیرۆکەکــە و بەرنامــەی کات بەســەربردن و یەکترناســینی ئەندامــان لەخۆدەگرێــت.

٧. (ســەرکردایەتی، یــان ڕازگر)ێـک لەوانــەی خاوەنــی بیرۆکەکــەن و هاوڕێکانیــان بانگهێشــتکردووە بــۆ کۆبوونەوەکــە، سەرپەرشــتی کۆبوونەوەکــە دەکات، پێویستیشــە پێــش کۆتاییهاتنــی کۆبوونەوەکــە مەبەسـت و ئامانجـەکان و بەپرسـیارێتی هــەر تاکێـک دیاریبـکات، بـۆ دانانــی پەیــڕە و پرۆگرامــی گروپەکــە.

٨. توێــژەر لەگــەڵ ئــەو ئەندامانــەی هەڵســان بــە بانگهێشــتکردنی هاوڕێکانیــان دوای کۆبوونــەوەی یەکــەم ئامادەدەبێــت بــۆ ســازدانی کۆبوونــەوەی دووەم. هەروەهــا هانیانــدەدات بــۆ ئەنجامدانــی ئــەو بەرپرســیارێتیانەی لەئەســتۆیانە لەپێنــاو ســەرکەوتنی گروپەکــە.

٩. لەمیانـەی کۆبوونـەوەی دووەم و سـێیەمدا، دەتوانرێـت گروپەکـە ڕێکبخرێـت لـەڕووی نـاو و ڕێکخسـتنی پەیـڕەو و دانانـی بەرنامەکانـی و

هەڵبژاردنی دەستەی کارگێڕی، لە سەرۆک و سکرتێر (ڕازگر)، تاکو لە کۆبوونەوەکانی دواتردا تەواوی پێکهاتەکە هەڵدەبژێردرێت.

١٠. توێژەر هاوکاری هونەری پێشکەش بە گروپەکە دەکات و ڕۆڵی چاودێر و ئاراستەکەر دەگێڕێت، بۆ ئەوەی دەستی تێبخات، تەنها لەکاتی پێویستدا نەبێت.

١١. توێژەر یارمەتی گروپ دەدات لە دانانی پلانەکانی و گەشەدان بە مەیل و خواستەکانی و سەرکردایەتیکردنی بەرنامەکانی و پێداچوونەوە بە کێشەکانیدا، بەشێوەیەکی واقیعی و هانیان دەدات بۆ داهێنان و نوێبوونەوە لە پلان و بەرنامەکانیاندا، تا بزاوت و چالاکی بەردەوامیان تێدا بوروژێنێت.

تاوەکو گروپەکە بارودۆخێکی باشی هەبێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی، ڕۆڵی توێژەر بریتی دەبێت لەوەی ئەو چالاکییانە لە کەشێکی گونجاودا ئەنجام بدرێن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی.

## بنەماکانی گروپی خوێندنگە

بۆئەوەی گروپ ئامرازێکی گونجاوبێت بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی ئەندامەکانی، پێویستە چوار بنەمای تێدابێت، کە پێویستن بۆ سەرکەوتنی، ئەوانیش:

**یەکەم: ئەندامان:**

لەڕووی مەیل و خواستەوە بۆ هاتنەناو گروپەوە، ئەمەش لەم ڕێگایانەوە بەدیدێت:

١. بوونی ئازادی هتنەناوەوەی خوێندکاران بۆ ناو ئەو گروپی خوێندنگەیەی ئارەزووی دەکات و ناچارنەکردنی.

٢. دیاریکردنی بەشداریکردنی ڕەمزی بۆ هاتنەناو گروپەوە، بەمە ئەندامان هەست بە موڵکداری دەکەن، لە هەمان کاتیشدا لە مەیلی ڕاستەقینەی خوێندکار دڵنیا دەبن بۆ ئەو گروپە.

**دووەم: ڕابەر**

ڕۆڵێکی سەرەکی لە گروپدا دەگێڕێت، خەسڵەتە کەسییەکانی و ڕووکاری بەشێوەیەکی گشتی و شێوازی ژیانی و لێهاتووییەکانی و ئەو ڕێگەیەی لە ئاراستەکردن و ڕابەرایەتیکردنی گروپدا دەیگرێتەبەر و ڕێگای مامەڵەکردنی لەگەڵ تەواوی گروپدا و لەگەڵ هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانیدا، کاردەکاتە سەر گروپ و ئەندامەکانی و پلەی پێشکەوتن و گەشەکردنیان.

گروپی خۆکرد لەڕووی چالاکییەوە بەوە جیادەکرێتەوە کە تا زیاتر ڕابەرەکەیان قبووڵ بێت و خۆشیانبوێت و ڕێزی بگرن و متمانەیان پێبێت، زووتر ئاستەکردنەکانی قبووڵ دەکەن و بەردەوام دەبن لەسەری.

**سێیەم: بەرنامەکان**

ئەمە ئامانجەکانی گروپ و شێوازەکانی بەدیهێنانیان ڕووندەکاتەوە و دیارییان دەکات، گروپەکانی خوێندنگە بەهۆی جیاوازی مەبەست و ئامانجەکانیانەوە جیاوازدەبن لە گروپێکی دیکە، هەروەها بەرنامەکانیش لە گروپێکەوە جیاوازدەبن بۆ گروپێکی دیکە.

بۆئەوەی بەرنامەکان سەرکەوتووبن، پێویستە کە:

- ئەندامان بەشداری لە پلان بۆ دانانیدا بکەن.
- ئەندامان بەشداری لە جێبەجێکردنیاندا بکەن.
- دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکانی جێبەجێکردنی بەسەر تەواوی ئەندامان یان زۆرینەدا.
- بەرنامەکان لەگەڵ ئامانجەکاندا بگونجێن و ڕەچاوی پلەبەندیان

بکرێت.

- لەبەرچاوگرتنی ئەو توانستانەی دەتوانرێ بۆ جێبەجێکردنیان بخرێنەگەڕ.
- نەرم بن، تا هێنانەدی ئامانجەکان ئاسان بکەن.
- سوودێکی ڕاستەوخۆیان هەبێت تا گروپەکە هەستی پێبکەن.

**چوارەم: ڕێکخستنی گروپ**

ڕابەر هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی مەبەستی پێکهێنانی گروپەکە بۆ ئەندامەکانی، هەروەها ئەو ئامانجەی هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، پاشان کات و شوێنی کۆبوونەوەکان دیاری دەکات. ئەنجومەنی گروپ پێکدێت لە: سەرۆک و ڕازگر و یاریدەدەر، ئەمانەش لەڕێی هەڵبژاردنەوە دیاریدەکرێن، سەرۆک (خوێندکار) دانیشتنەکان بەڕێوەدەبات، کە دوای ڕابەر بەرپرسی دووەمی گروپەکەیە.

## ڕۆڵی توێژەر لە گروپەکانی خوێندنگەدا

کاتێک خوێندکاران دێنە ناو گروپەکانی خوێندنگەوە، مەبەستیان هێنانەدی چەند پاڵنەرێکە، کە لەوانەیە خودی یان کۆمەڵایەتی بن.

مەبەست لە پاڵنەرە خودییەکان ئینتیمایە بۆ گروپ، بۆ هێنانەی مەبەستی کەسی کە پێداویستییەکانیان تێردەکات، وەک: گروپی هاوڕێیان یان گروپی ئاوات، بەمەبەستی دەرکەوتن یان وەرگرتنی شارەزایی تایبەت.

مەبەست لە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە خوێندکاران دەچنە پاڵ گروپەکان بەمەبەستی هێنانەدی مەبەستێک یان چەند مەبەستێکی کۆمەڵایەتی، واتا ئەوان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەشداری

دەکەن بەمەبەستی بەشدابوون لە خزمەتگوزاریی گشتیدا، کە هەستیان بەوە کردووە کۆمەڵگە پێویستیەتی، ئەرکی ئەوانیشە هاوکاری یەکدی بکەن بۆ هێنانەدی ئەو خزمەتگوزارییە.

خوێندکار پێویستی بە هەردوو جۆرەکەی گروپە، گروپی پاڵنەرە خودییەکان و گروپی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان، تاکو زیاتر لەلایەن گروپی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە قبوولْ بکرێت، گوزارشت لە بەرەوپێشچوون و پێگەیشتنی دەکات لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە.

**توێژەر هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیکردنی گروپەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی و لەمەشدا ڕێگەی کارکردن لەگەڵ گروپەکاندا بەکاردەهێنێت، لەمیانەی:**

**یەکەم: جێبەجێکردنی پرەنسیپی کارکردن لەگەڵ گروپەکاندا لە گروپەکانی چالاکیدا،** گرنگترینیان:

١. کاکردن لەگەڵ گروپی چالاکی، نەک کارکردن بۆ گروپی چالاکی.

٢. قبووڵکردنی گروپەکە و تەواوی ئەندامەکانی، وەک ئەوەی هەن، نەک وەک ئەوەی توێژەر دەیخوازێت.

٣. هاوبەشیکردنی هەست و سۆزەکانی ئەندامانی گروپەکە، بێ ئەوەی وەک ئەوان هەڵبچن.

٤. گونجانی ڕەفتاری توێژەر و ڕەفتاری گروپەکە.

٥. دەستکردن بە کارکردن لەگەڵ گروپەکە، لەو ئاستەدا کە تیایەتی.

٦. هاوکاریکردنی گروپەکە لە دابەشکردنی بەرپرسیارێتییەکاندا و بەشدارییپێکردنی زۆرترین ژمارەی ئەندامان لە چالاکییەکەدا.

٧. بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ پاراستنی گروپەکە و ئەندامەکانی، کاتێک هەڵوێستەکە پێویستی کرد.

**دووەم: بەکارهێنانی شێوازەکانی کاکردن لەگەڵ گروپەکاندا، لە گروپەکانی چالاکیدا،** گرنگترینیان:

١. پێویستە گروپی چالاکی بچووک بێت.

٢. گروپەکە خاوەن ئامانجی ڕوون بێت.

٣. ئەندامانی گروپەکە خودی خۆیان کارەکانیان دابنێن و دابڕێژن.

٤. گروپەکە خاوەن پلەیەک لە ڕێکخستن بێت.

٥. سەرکردایەتیکردن لە گروپدا بەسەر زۆرترین ئەندامدا دابەشکرابێت.

٦. گروپەکە پلەیەکی گونجاوی وابەستەیی تێدابێت.

٧. گروپەکە خاوەن توانست و خێرایی بێت بۆ قبووڵکردنی قوتابخانە و توێژەر.

٨. گروپەمە دەرک بەو کارانە بکات کە ئەنجامیان دەدات و بتوانێت هەوڵەکانی خۆی هەڵبسەنگێنێت.

**سێیەم: جێبەجێکردنی بنەماکانی داڕشتنی بەرنامەکان لەسەر گروپی چالاکی،** بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. هاوکاریکردنی ئەندامانی گروپەکە بۆ دانانی پلانی بەرنامەکە.

٢. هاوکاریکردنی ئەندامانی گروپەکە بۆ گەشەدان بە حەزەکانیان بە بەرنامەی گونجاو.

٣. هاوکاریکردنی ئەندامانی گروپەکە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە ژینگەییەکان، لەکاتی داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەکە.

٤. هاوکاریکردنیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگژە و بەربەستانەی دێنەڕێی بەرنامەکە.

**چوارەم: تۆمارکردنی تایبەت بە ڕاپۆرتەکان**

تۆمارکـردن ئامرازێکـی گونجـاوە کـە توێـژەر بـەکاری دەهێنێـت، وەک پێوەرێـک بـۆ پێوانەکردنـی ئـەو ئاراسـتە هونەرییانـەی لەکاتـی کارکردنیـدا لەگـەڵ گروپەکانـی چالاکیـدا دەیانگرێتەبـەر، پرۆسـەکانی تۆمارکـردن یەکێکـە لـە بەرپرسـیارێتییە گرنگەکانـی، بۆیـە پێویسـتە لەپێنـاو وەرگرتنـی شـارەزایی پێویسـتدا کاربـکات کەتوانسـتی بەجێهێنانـی ئـەو خزمەتگوزارییـە هونەرییانـەی پێدەبەخشـێت، کـە پێشـکەش بـە گروپەکەیـان دەکات، وە لەکاتێکـەوە بـۆ کاتێکـی دیکـە کار بـۆ باشـترکردنیان بـکات، بەجۆرێـک مەبەسـتەکانی ڕێگـەی کارکـردن لەگـەڵ گروپـدا بهێنێتـەدی.

مەبەسـت لـە تۆمارکـردن ئەوەیـە توێـژەر خـۆی هەسـتێت بـە دانـان و ڕێکخسـتنی داتـا ئاماریـی و زانیارییـە زارەکییەکانـی گـروپ و شـیکردنەوەی ئـەم داتایانـە بـۆ تێگەیشـتن لـە پەرەسـەندنیان و وەسـتان لەسـەر چەندێتـی گەشـەکردنی ئەندامـان.

# پلانی توێژەر
# بۆ ڕێکخستنی خزمەتگوزاریی گروپەکان

دوای ڕوونکردنـەوەی ڕۆڵـی توێـژەر لـە کارکـردن لەگـەڵ گروپەکانـی خوێندنگـەدا، پێویسـتە لەسـەر توێـژەر پلانێـک بـۆ ئـەم ڕۆڵـەی دابنێـت لـە خوێندنگـەدا و لەسـەری بڕوات، بۆئـەوەی خزمەتگوزارییە گروپییەکان لەنـاو خوێندنگـەدا بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک پێشکەشـبکرێت، پێویسـتە ئاراسـتە و هەنگاوەکانـی پلاندانـان بگرێتەبـەر، بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

١. لـە سـەرەتای ساڵدا توێـژەر پلانـی خزمەتگوزارییـە گروپییـەکان لـە قوتابخانـەدا دابنێـت.

٢. هەڵدەسـتێت بـە ئەنجامدانـی لێکۆڵینەوەیەکـی فـراوان لـە قوتابخانـەدا، بـۆ ئاشـنابوون بـە خواسـت و گرنگیدانەکانـی تاکـەکان و گروپـەکان، وەک ئامادەکارییـەک بـۆ پێکهێنانـی ئـەو گروپانـەی چالاکـی کـە ئـەم خواسـتانە دێننـە دی، لەڕێـی چاوپێکەوتـن یـان ڕاپرسـی یاخـو توێژینــەوەوە.

٣. توێـژەر لـە کۆبوونـەوەی دەسـتەی کارگێـڕی یان دەسـتەی چالاکی خوێندنگــەدا بەشــداری دەکات و ئەنجامەکانــی ئــەم لێکۆڵینەوەیــەی دەخاتــەڕوو، ئەمــەش بـۆ دیاریکردنـی ئەمانـەی خـوارەوە:

- جۆرەکانــی گروپەکانــی چالاکــی، کــە لەمیانــەی ئــەو ســاڵەی خوێندنــدا دروســت دەکرێــن.

- ئەو مامۆستایانەی سەرپەرشتی ئەو گروپانە دەکەن.

- ئەو بودجەیەی بۆ ئەم گروپانە پێویستە.

- ئـەو گروپـە کۆمەڵایەتییانـەی خوێندنگـە کـە توێژەر سەرپـەرشـتیان دەکات.

- دانانـی پلانێـک بـۆ کار و شـێوازەکانی ئـەم گروپـە و گروپەکانـی دیکـە، وەک: گروپـی پۆلـەکان، بەجۆرێـک ببنـە بوارێکـی گونجـاو بـۆ بەکۆمەڵایەتیبوونــی خوێنــدکاران.

٤. توێـژەر بەشــداری لــە نووســینگە جێبەجێکارییــە گشــتییەکاندا دەکات، کــە خــۆی لــە گروپەکانــی خوێندنگــەدا دەبینێتــەوە، وە یارمەتیـدەدات بۆئـەوەی کاربـکات و چالاککـەر و جێبەجێکاربێـت، وەک یاریدەدەرێکـی ئەنجومەنــی خوێنــدکاران لــە خوێندنگــەدا.

٥. لەمیانـەی ئـەو سـاڵەدا بەدواداچـوون دەکات بـۆ کۆبوونەوەکانـی ئەنجومەنــی خوێندنگــە و هــاوکاری دەســتەی مامۆســتایان دەکات بــۆ

دیاریکردنی شێوازەکانی کارکردن لەگەڵ گروپەکانی چالاکی و گروپی پۆلەکاندا، هەروەها لە ڕێکخستنی ڕاپۆرتەکانی ئەم گروپانە و تۆمارەکانیاندا، یان گونجاندنی بەرنامە هاوبەشەکانی نێوانیان... هتد.

٦. توێژەر لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە لە کێشە تاکەکەسییەکان دەکۆڵێتەوە، کە خەسڵەتی گروپ لەخۆدەگرن، وە لەشێوەی بەرنامە یان خزمەتگوزاریدا چارەسەری گونجاویان بۆ دادەنێت، بۆنموونە نەبوونی دڵسۆزی بەرامبەر خوێندنگە، کاتێک لەنێو خوێندکارانی خوێندنگەیەکدا بڵاودەبێتەوە و دەبێتە کێشەیەکی گروپی، ئەمەش پێویست بەوە دەکات توێژەر لێکۆڵینەوەیەکی گشتی لەبارەوە ئەنجام بدات و پلانی پێویست دابنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی.

٧. توێژەر تۆمارێک بۆ گروپەکانی خوێندنگە تەرخاندەکات، کە خۆی و دەستەی مامۆستایان سوودی لێوەردەگرن بۆ تۆمارکردنی تەواوی ئەو شتانەی لەو گروپەدا ئەنجامدەدرێن، کە سەرپەرشتی دەکەن، بەجۆرێک ئەم تۆمارە دەبێتە وێنەیەکی مێژوویی بۆ هەموو گروپێک و ئەو پەرەسەندن و گەشەکردنانەی بەخۆیانەوە بینیوە، هەروەها دەشبێتە سەرچاوەیەک تا لەکاتی پێویستدا بگەڕێینەوە سەری.

# بەشی چوارەم

# ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە خوێندنگەدا

# ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە خوێندنگەدا

ئەو هەوڵانەیە کە لەپێناو گونجاندنی دەرامەتەکان و پێداویستییەکان لەگەڵ یەکدیدا دەدرێن، لەڕێی ئەو پرۆگرامە پەروەردەییەوە کە دەگیرێتەبەر، بۆئەوەی ئەم پرۆسەیە بە سەرکەوتوویی جێبەجێبکرێت، پێویستە دەستەیەکی بەرپرسیار لە قوتابخانەدا ڕێکبخرێت، کە لە لایەن ئەو هونەرییانەوە پشتگیریی دەکرێت کە لەتوانایاندا هەیە کار لەگەڵ توێژەردا بکەن، ئەم دەستەیەش بە (ئەنجومەنی چالاکی) ناودەبرێت.

ڕێکخستنی کۆمەڵگە پێناسە دەکرێت بەوەی کە: (هەوڵێکە بۆ وەبەرهێنانی دەرامەتە بەردەستەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشانەی لە تێرنەکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی و دەروونییەکانی تاکەکان و گروپەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرن، هەروەها هەموارکردنی ئەو دەرامەتانەش ئەگەر پێویست بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڵوێستە بەشێوەیەکی باشتر، هەروەها ڕزگاربوون لەو خزمەتگوزارییە دیاریکراوانەی کە لەگەڵ پێداویستییە هەنووکەییەکاندا نایەنەوە و ئەگەر پێویستیشی کرد پێکهێنانی دەرامەتی نوێ).

**بۆئـەوەی توێـژەر ئامانجـە چارەسەرسـازی و خۆپارێـزی و بونیادنەرەکانـی کۆمەڵگـەی قوتابخانـە بێنێتـەدی، پێویسـتە ئـەم هەنگاوانـە بگرێتەبـەر:**

١. ئاشـنابوون بـە خوێندنگـە لەڕێـی کۆکردنـەوەی داتـا و ڕێکخسـتنیان و شـیکارکردنیان، خوێندنگـە کۆمەڵگەیەکـی خۆجێییـە و تاکەکانـی بـەوە جیادەکرێنـەوە کـە هاوکارییەکـی زۆر لەنێـو تاکەکانیانـدا هەیـە بـۆ هێنانـەدی ئامانجـەکان، بەهـۆی ئـەو پەیوەندییـە دەروونـی و کۆمەڵایەتییـە بەهێـزەی لەنێوانیانـدا هەیـە، وە یارمەتـی پێکهێنـان و بونیادنانـی ئـەو گروپـە جیاوازانـە دەدات کـە کار بـۆ ڕێکخسـتن و بەهێزکردنـی ئـەو پەیوەندییانـە دەکـەن.

٢. وروژاندنـی هۆشـیاری لـە خوێندنگەدا بەرەو چەند پێداویسـتییەکی گرنگـی پەروەردەیـی دیاریکـراو، لەسـەر بنچینەی ئـەو زانیارییانەی لەڕێی بەکارهێنانـی ئامرازەکانـی پەیوەندیکردنـی بەردەسـتەوە کۆکراونەتـەوە، بـە هـاوکاری چەنـد سـەرکردایەتییەکی خوێنـدکاران و مامۆسـتایان و کارگێـڕی خوێندنگـە.

٣. دیاریکردنـی پلانـە گشـتییەکان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـی خوازراو، دوای ئـەو لێکۆڵینەوەیـەی ئامـاژەی پێکرا.

٤. بەکارهێنانـی گـروپ و ڕێکخسـتنە جیاوازەکانـی خوێندنگـە، بەوپێیـەی دەرامەتێکـی گرنگـن و بەهـای خۆیـان هەیـە.

٥. دانانـی بەرنامـەی خوێندنگـە لەسـەر بنچینـەی بەکارهێنانـی دەرامەتـەکان، بـۆ پڕکردنـەوەی پێداویسـتییەکان.

٦. پێوانەکردنی بایەخی هەنگاوەکانی پێشوو و ڕادەی سەرکەوتنیان.

# ئەنجومەنی کارگێڕی گروپەکانی خوێندنگە

توێـژەر لەڕێـی پێکهێنانـی ڕێکخراوێکـەوە لـە خوێندنگـەدا، کارەکانـی وەک ڕێکخەرێکـی کۆمەڵایەتـی لـە خوێندنگـەدا تـەواودەکات، ئـەم ڕێکخـراوە ئامانجـی یارمەتیدانـی خوێندکارانـە بـۆ هەڵسـان بـەو ڕۆڵانـەی لێیـان داواکـراوە، ئەرکـی بریتییـە لـەوەی کاریـان لەگەڵـدا بـکات، نـەک کاریـان بـۆ بـکات. ئـەم ڕێکخـراوە بـە (ئەنجومەنـی کارگێـڕی گروپەکانی خوێندنگـە) ناودەبرێـت، وە لەڕێـی ڕۆڵـی توێـژەرەوە لـە ئەنجومەنـی کارگێـڕی گروپەکانـی خوێندنگـەدا.

**لێـرەوە بایەخـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـەی قوتابخانـە و چۆنیەتـی ئامانجەکانیـان بـۆ دەردەکەوێـت، کـە لێـرەدا کورتیـان دەکەینـەوە:**

- دیاریکردنی دەرامەت و توانستەکانی خوێندنگە.
- دۆزینەوە و دیاریکردنی پێداویستییەکانی خوێندکاران.
- گونجاندنی دەرامەتەکان لەگەڵ پێداویستییەکان.

**ئەمەش لەڕێی ئەم شێوازانەوە دەتوانرێت بهێنرێتەدی:**

١. لێکۆڵینـەوە لـە ژینگـەی خوێندنگـە لێکۆڵینەوەیەکـی کۆمەڵایەتـی ڕێکوپێـک، بـۆ گەیشـتن بـە ڕاسـتییە پێویسـتەکانی دانانـی پلانـەکان و جێبەجێکردنیان.

٢. ئامادەکردنـی بەرنامـەی چالاکـی کۆمەڵایەتـی و ڕاسـتکردنەوەی بەردەوامـی بەشـێوەیەک تـا هاوسـەنگی لەنێـوان پێداویسـتییەکانی خوێنـدکاران و توانسـتەکانی خوێندنگـەدا دێتـەدی.

٣. بەرزکردنـەوەی ئاسـتی خزمەتگوزارییەکانـی خوێندنگـە بەشـێوەیەکی گشـتی و بەرنامـەی چالاکـی و گروپەکانـی بەشـێوەیەکی تایبـەت.

٤. وروژاندنی بایەخدانی خوێندکاران و گروپەکانی خوێندنگە تا بەشێوەیەکی ئەرێنی بەشداری لە بەرنامەکەدا بکەن، لەگەڵ ئاشناکردنیان بەم بەرنامەیە و مەبەست و ئامرازەکانی.

٥. گەشەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی خوێندنگەیی و ڕەخساندنی هەل بۆ تەواوی خوێندکاران تا لەلایەکەوە لە پێداویستییەکانیان تێبگەن، لەلایەکی دیکەشەوە لە پێداویستییەکانی خوێندنگە تێبگەن، هەروەها ئاشنا بوون بە کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەردوو لایەنەکە.

٦. گەشەپێدانی گیانی هاوکاری لەنێوان خوێندکاران و لەنێوان گروپەکان و دەستەی سەرپەرشتیاردا و ڕێکخستنی بەرنامەکان و خزمەتگوزارییەکان.

**چەند شێوازێک هەن کە ئەنجومەنی کارگێڕی گروپەکانی خوێندنگە لەمیانەی کاکردنیاندا پشتیان پێدەبەستن، لەوانە:**

١. توێژینەوە: یان دۆزینەوەی ئەو ڕاستییانەی دەوری خوێندنگەیان داوە، لەڕێی توێژینەوە لە سامپڵەکان و گشتاندنی ڕاپرسییەکان و کۆکردنەوەی داتاکان و ڕێکخستنیان و هەڵێنجانی ئەنجامەکان.

٢. **ڕوونی:** واتا تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی ئەو ئەنجامانەی لەڕێی گروپەکانی خوێندنگەوە بەدەستهاتوون، ئەمەش پێویستی بە تیمێک هەیە کە خاوەن تێگەیشتن و توانست و شارەزایی بن لە بواری ڕێکخستندا.

٣. **دانوستان:** لەڕێی پەیوەندیکردن بە ئەندامانی گروپەکانەوە بۆ وروژاندنی بایەخپێدانەکانیان لە گەیشتن بە هاوبەشیکردنی لە جێبەجێکردندا.

٤. **ڕاوێژکارییە هونەرییەکان:** کە پلانی کارکردن و وروژاندنی هۆشیاری لەخۆدەگرێت ڕووەو کێشەکان و بەرەنگاربوونەوەیان.

٥. **کۆڕ و گفتوگۆ:** لـە خوێندنگەکانـدا دەبەسـترێن بـۆ گفتوگۆکـردن لەسـەر بابەتـە هەنووکەییـەکان کـە ڕێگـە بـە بەشـداریکردنی زۆرتریـن ژمـارەی خوێنـدکار دەدرێـت، بەمـەش ئەنجومـەن پلانـەکان دادەڕێژێـت و بڕیـارەکان دادەنێـت.

٦. **لیژنـەکان:** کـە ئامـرازی سـەرەکین لـە ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـەی خوێندنگـەدا.

٧. **کارگێـڕی:** لەڕێیـەوە بەشـداریکردن و هـاوکاری دێتـەدی لـە دانانی بودجە و سپۆنسـەر.

٨. **پەیوەندییـە دەرەکییـەکان:** لەڕێگـەی ئـەو بەرنامانـەوە کـە ئەنجومـەن دایاندەڕێژێـت، کـە ئامانجەکانـی خوێندنگـە و ئامرازەکانـی بەیەکدییـەوە گرێـدەدات بـۆ هێنانـەدی یەیامەکـەی.

## ڕۆڵی توێژەر لە ئەنجومەندا

توێـژەر بـە ئاراسـتەکەری هونەریـی ئەنجومەن هەژماردەکرێـت، لێرەدا ڕۆڵـی جیـاوازە لـەو ڕۆڵـەی لـە گروپـە جیاوازەکانـدا دەیگێڕێـت، چونکـە پەیوەندییـە کەسـییەکانی نێـوان تاکـەکان لـە خزمەتگوزاریـی گروپـدا بـە ئامانجێکـی سـەرەکی هەژماردەکرێـت، لەکاتێکـدا لـە ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـەدا گرنگـی بـەو پەیوەندییانـە دەدات کـە لەنێـو گروپەکانـدا هـەن، نـەک پێداویسـتییە خودییەکانـی ئـەو تاکانـەی نوێنەرایەتـی دەکـەن.

**لەمـەوە دەتوانیـن ڕۆڵـی توێـژەر لـە ئەنجومەنـدا لـەم چەنـد خاڵـەی خـوارەوەدا کـورت بکەینـەوە:**

١. شـارەزابوونی تـەواو لـەو گروپانـەی ئەنجومـەن لەخۆیـان دەگرێـت،

هەروەها ئاشنابوون بە نوێنەرانی ئەم گروپانە و پەیوەندییەکانی نێوان ئەم گروپانە و نوێنەرەکانیان.

٢. یارمەتیدانی ئەنجومەن لە ئاشنابوون بە کێشە هەنووکەییەکان و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی ئەنجومەن لە جێبەجێکردنی پەیامی خوێندنگە و ڕوونکردنەوەی ئەرکی گروپەکان.

٣. هاوکاریکردنی ئەو ئەندامەی نوێنەرایەتی گروپ دەکات تا لەبەجێهێنانی ڕۆڵەکەیدا بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت، وە پشتگیری پەیوەندییەکانی لەگەڵ نوێنەرەکانی دیکەدا بکرێت و لە ڕوونکردنەوەی بۆچوونی ئەو گروپەدا کە نوێنەرایەتی دەکات هاوکاری بکرێت.

٤. هاوکاریکردنی ئەنجومەن وەک گشت، تا بگاتە پێکهاتەیەکی گونجاو لەگەڵ مەرجە دیاریکراوەکاندا و پێکهێنانی لیژنەی پێویست بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکەی و ئامانجەکانی.

٥. هاوکاریکردنی لیژنەکان تا بەرپرسیارێتییەکانیان هەڵگرن و جێبەجێیان بکەن و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکەش ئەو کارانەیان هەڵبسەنگێنرێن کە ئەنجامیان داون.

٦. پشتگیری کردنی پەیوەندییەکانی نێوان گروپەکان و نوێنەرەکانیان، بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان.

٧. ئاشناکردنی ڕای گشتی خوێندنگە بەو بەرنامەیەی کە ئەنجومەنی کارگێڕی گروپەکان لەسەری ڕێکدەکەون.

٨. بەکارهێنانی ڕێگە و شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکانی خوێندنگە و هۆکارەکانیان و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی قوتابخانە.

٩. کارکردن لەسەر ئاراستەکردنێکی بەهێزی خوێندکاران و گروپەکانیان ڕووەو بیرکردنەوەی هاوبەش و بڕواهێنان بەوەی کاری

دەستەجەمعی ئاسۆکان فراواندەکات و هۆشیاری زیاددەکات، ئەمەش وادەکات کار و بەرنامەکە بەها و کاریگەری هەبێت.

١٠. دۆزینەوە و گەشەدان بەو سەرکردانەی لەمیانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی گروپەکانەوە دەردەکەون.

١١. کارکردن لەسەر ئامادەکردنی نەوەیەکی کامڵ لەڕووی کەسێتییەوە بۆ کۆمەڵگە، کە توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەیە و گیانی دیموکراسی تێدایە.

# ڕۆڵەکانی توێژەر لە قوتابخانەدا

## بەپێی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و لاوانی وڵاتی ئیمارات

**یەکەم: ئەرکەکان**

١. ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ماڵ و قوتابخانە، بەجۆرێک خزمەت بە مەبەستەکانی فێرکردن و فێرخواز بکات.

٢. لێکۆڵینەوەی ڕەفتارە دیارەکانی خوێندکاران، بەئامانجی ڕێکخستن و ئاراستەکردن و گەشەپێدانیان.

٣. لێکۆڵینەوە لە ئاراستە ئەرێنییەکان، لێکۆڵیەنەوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی و ڕاڤەکردنیان و هاوکاریکردنی مامۆستایان و فێرخوازان و خێزان بۆ تێپەڕاندنیان.

٤. ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل و ڕێکخستنیان لەژێر ڕۆشنایی ئەو داواکاری و بارودۆخانەی دەوری خوێندنگەیان داوە.

**دووەم: وەسفکردنی ئەرکەکی**

لەم بوارانەی خوارەوەدا:

**١. توێژەر ڕێکخەر و پلاندانەرە لەم بوارانەی خوارەوەدا:**

- گەشتەکانی خوێندکاران.
- خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە، کەمپەکان، ڕۆژانی پاکوخاوێنی، ئاهەنگەکان، پێشبڕکێکان، خێزان، یانەی خوێندنگە.
- کۆمەڵەی هاریکاری.
- ئەنجومەنی پۆلەکانی خوێندنگە.

**٢. لە چارەسەرکردنی ئەم دیاردانەی خوارەوە دەکۆڵێتەوە:**

- کێشەکانی دەوامکردن (ئامادەنەبوون، خۆدزینەوە).
- گیروگرفتە تەندروستی و دەروونییەکان و کاریگەرییان لەسەر فێربوون و کارلێک لەگەڵ ژینگەی خوێندنگەدا.
- ئامرازەکانی پتەوکردنی پاداشت و هاندانی خوێندکاران بەپێی پێداویستییەکانیان.

**٣. بەشداری لەم کار و ڕێکخستنانەی خوێندنگەدا دەکات:**

- بڕیاردەری لیژنەی پەروەردەیی خوێندنگەیە.
- بڕیاردەری ئەنجومەنی باوکان و مامۆستایانە.
- بڕیاردەری ئەنجومەنی چالاکییەکان و ڕابەرەکانە.

**٤. هاوکاری ئەمانە دەکات:**

- سەرپەرشتیاری کارگێڕی، بەئامانجی ئاشنابوون بە گرفتی ئامادەنەبوون.
- پزیشکی خوێندگە: بەئامانجی ئاشنابوون بە گیروگرفتە تەندروستییەکان.
- ڕابەری پۆل: بەئامانجی ئاشنابوون بە لایەنە ئەرێنییەکان و گیروگرفتەکانی فێربوون و ڕەفتارییەکانی خوێندکاران.

**٥. تۆمار بۆ ئەمانەی خوارەوە دەکاتەوە:**

- **کۆبوونەوەکانی لیژنەی پەروەردەیی.**
- **کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی باوکان و مامۆستایان.**
- **کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی چالاکی و پێشەواکان.**
- **تۆماری بەدواداچوونی حاڵەتەکانی دەرچوون و کەوتن.**

**سێیەم: پەیوەندییەکان**

**١. پەیوەندی بە تەواوی ئەو لایەنانەوە دەکات کە کارەکەی پێویستی بێت لەڕێی بەڕێوەبەرەوە، بەوپێیەی دەسەڵاتی یەکەمە و نابێت تێپەڕێنرێت.**

**٢. پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و ڕێنماییە وەزارییانەوە کە ئەرکەکەی ڕێکدەخەن و کارەکانی لەناو خوێندنگەدا بەڕێوەدەبەن.**

**٣. توێژەر هاوکاری هەموانە و جێی متمانەی دەستەی ماموستایانیشە.**

# دەروازی دووەم

# خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی خوێندنگە و قۆناغەکانی گەشەکردن

# بەشی یەکەم

## قۆناغی سەرەتایی (پۆلەکانی ١ -٦)

# تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قۆناغی سەرەتایی

خوێندکارانـی ئـەم قۆناغـە لـە تەمەنـی (٦-١٢) ساڵیدان، بۆیـە دەکەونـە ناوەڕاسـتی سروشـتی نێـوان قۆناغـی منداڵـی بەرایـی و سـەرەتای قۆناغـی باڵـغ بوونـەوە، وە دوا قۆناغـی پەروەردەییـە لـە ژیانـی منداڵـدا، چونکـە خاڵێکـی گرنگـی وەرچەرخانـی کۆمەڵایەتییـە لـە ژیانیانـدا، لـە ژینگـەی خێزانـەوە ڕوودەکـەن ژینگـەی قوتابخانـە، کـە کۆمەڵگەیەکـی نوێیـە بۆیـان. ڕەفتارێکـی نـوێ و وەڵامدانـەوە و پەیوەنـدی دیاریکـراوی بەسـەردا دەسـەپێنێ و جۆرێکـی نوێـی بەخشـین و وەرگرتنـە. لـەم قۆناغـەدا:

- بـوارە کۆمەڵایەتییەکانـی منـداڵ فـراوان دەبـن، پەیوەندییەکانـی گەشـەدەکەن و ڕووبـەڕووی ئـەو دیسـپلینە کۆمەڵایەتییانـە دەبێتـەوە کـە ڕەفتـارە کۆمەڵایەتییـە نوێکانـی ڕێکدەخـەن و بەڕێوەیـان دەبـەن.
- لەکۆتایـی ئـەم قۆناغـەدا، خوێنـدکار ڕوودەکاتـە گـروپ و دەسـتەی هاوڕێیـان و حـەزی بـە تێکەڵاوبوونیـان و پەیوەسـتبوونە بـە یاسـا و ڕێسـا و بەهاکانیانـەوە و بەشـێوەیەکی کاریگـەر کاردەکەنـە سـەر بیرکردنـەوەی، هـۆکاری یەکەمیشـە کـە وای لێـدەکات هاوشـانی کۆمەڵگە بـڕوات، کـە ئەمـەش هەنـگاوی یەکەمـی بەکۆمەڵایەتیبـوون.
- منـداڵ لـەم قۆناغـەدا لـە ڕەگـەزی بەرامبـەر دووردەکەوێتـەوە و

ئـارەزووی لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ منداڵانـی هاوڕەگـەزی خۆیەتـی. پێـش کۆتایـی هاتنـی ئـەم قۆناغـە، دوورکەوتنـەوەی لـە ڕەگـەزی بەرامبـەر زیـاددەکات، تـا دەگاتـە سـەرەتای قۆناغـی باڵـغ بـوون، ئـەوکات زۆر بەخێرایـی دەگۆڕێـت و بایـەخ بـە ڕەگـەزی بەرامبـەر دەدات و هەوڵدەدات پەیوەنـدی لەگەڵـدا ببەسـتێت...

- منـداڵ لەسـەرەتای ئـەم قۆناغـەدا گرنگـی بـە ڕووکەشـی خـۆی دەدات و ئـارەزووی لـە چاکـە و هاریکاریکردنـی کەسـانی لاواز و بـێ دەسـەڵاتە، بـەڵام لـەوەوە نییـە کـە حـەز بـە چاکـەی ئەوانـی دیکـە بـکات، بەڵکـو وەک ئامرازێـک بەکاریدەهێنێـت بـۆ چوونـە نـاو گـروپ و دەسـتەکانەوە، بەتایبـەت دەسـتەی هاوڕێیـان، بـۆ پێگەیـەک دەگەڕێـت تیایـدا ڕۆڵ بگێڕێـت، بەمـەش پێداویسـتی ئینتیمـای تێـردەکات.

- پێداویسـتی منـداڵ بـۆ زانیـن و ئاشـنابوون بـە ژینگەکـەی زیـاددەکات و زۆرجـار گـەورەکان تووشـی ناڕەحەتـی دەکات بەهۆی زۆری پرسـیارەکانیەوە دەربـارەی شـتەکان، پاشـان پرسـیار لـە چارەسـەر و پێکهاتـە دەکات.

- ئـارەزووی یاریکردنـە بـەو شـتانەی دەتوانـێ شـتی دیکەیـان لـێ دروستبکات، وەک قوڕ و لم، هەروەها ئارەزووی لە یاری چاوشـارکێ... هتـدە. توێـژەر لـە قوتابخانـەی سـەرەتاییدا بەباشـی دەرک بـەم شـتانە دەکات و لەڕێـی بەرنامـە و چالاکـی گونجـاوەوە پلانیـان بـۆ دادەنێـت، کـە لەگـەڵ پێداویسـتییەکانی ئـەم قۆناغـەدا دەگونجێـت.

**دەتوانین ئەمەش لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:**

**یەکەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە:**

ا) گۆڕانکارییـە بایۆلۆژییـەکان لـە زیادکردنـی کێـش و قەبـارە و بـاڵا و شـێوەی گشـتی.

ب) گۆڕانکارییە فێرکارییەکان لە پەیوەندی نێوان خوێندنگە و مامۆستا و خوێندکار و ماڵ.

جـ) گۆڕانکارییە دەرەکییەکان و جوڵەییەکان و هەستییەکان و ماسولکەییەکان و دەمارییەکان.

**ئەم قۆناغە ماوەی وەستان و متبوونە لەنێوان دوو قۆناغی مەترسیداردا، کە بەمانەی خوارەوە جیادەکرێتەوە:**

- گرنگیدانی چڕ بە چالاکی عەقڵی و دەرککردن.
- کۆنترۆڵکردنی جەستە بە وردی و لێهاتوییەوە و زاڵبوونی ماسولکەیی و جوڵەیی.
- نزمبوونەوەی خێرایی گەشەکردن یارمەتیدەرە بۆ پارێزگاریکردن لە تەندروستییەکی باش و بەرگری دژی نەخۆشییەکان.
- گرنگیدان بە شێوەی دەرەوە، وەک قەڵافەتی گشتی و جەستە و شێوە.

**دووەم: پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە:**

- جووڵە لە ناو پۆل و دەرەوەی پۆل زۆر گرنگە.
- هەناسە هەڵکێشان لە چالاکییە جوڵەییەکاندا پێویستە، بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتایی یەکەم، لەپۆلی یەک تا سێ.
- ئازادی و فرەیی چالاکی جۆراوجۆری جوڵە لە وانەکان و دەرەوەی وانەکاندا. (مندالٚ زیاتر بە زمان و دەست بیردەکاتەوە وەک لە عەقڵ).
- یاریکردن زۆر بایەخدارە وەک هۆکارێکی پەروەردەیی گرنگ لە پێگەیشتنی منداڵدا لەگەڵ دابینکردنی ڕووبەری فراوان و ئامرازی پێویستی جوڵە.
- منداڵ زیاتر لەتوانای جەستەی ئەرک نەدرێت بەسەریدا، وەک

کاری قـورس.

– لـە بـواری خوێندنـەوە و نووسـیندا لەسـەرەتای منداڵیـی زوودا پێویسـتە ڕەچـاوی ئـەوە بکرێـت کـە بابەتـەکان بەپیتـی گـەورە و ژمـارەی گـەورە بخرێنـەڕوو، وردەکاری لـە نووسـیندا پشـتگوێ بخرێـت، هەروەهـا ئەرکـی ماڵـەوەی کـەم بدرێـت بەسـەردا.

## ڕۆڵی توێژەر لە قۆناغی سەرەتاییدا

توێـژەر لـەم قۆناغـەدا بایـەخ بـەوە دەدات ژینگـەی نوێـی قوتابخانـە بکاتــە ژینگەیەکــی ئاســوودە و کەشــێکی وا بخولقێنێــت کــە هانــی کارلێـک و پێکهێنانـی پەیوەنـدی بـدات، تـا منـداڵ لەگـەڵ ئـەم ژینگـە نوێیــەدا بگونجێـت.

پێویستیشـە توێـژەر ڕەفتـاری خوێنـدکاران و هەسـت و سۆزەکانیان قبـووڵ بـکات و لۆمـە و سـەرکۆنەیان نـەکات، جـا خۆشەویسـتی بێت یان ڕق، پێویسـتە یارمەتیـان بـدات تـا بیگـۆڕن، چونکـە وەک نمونەیەکـی بـاڵا بـۆ خۆیـان تەماشـای دەکـەن و هەندێـک جاریـش وەک جێگـرەوەی باوانیــان دایدەنێـن. لەڕوانگــەی ئەوانــەوە کەسـێکی ئەمانــەت پارێــز و دادپــەروەرە و دەرک بــە بایەخیــان دەکات وەک مرۆڤێـک کـە شـایەنی ڕێزگرتـن و دەتوانێـت یارمەتـی خوێنـدکاران بـدات تـا لەگـەڵ کۆمەڵگـە نوێکەیانـدا بگونجێـن.

یارمەتیــان دەدات پلەپلــە گەشــەبکەن، لەڕێــی ئاســانکردنی پێویســتییەکان و پلەبەندکردنیــان، بەجۆرێــک لەگــەڵ توانســتەکانیاندا بگونجێــت، پلەپلــە بەرپرســیارێتییان دەخاتــە ئەســتۆ لــەڕووی قورسـییانەوە، تاکـو لـە ئەنجامدانیانـدا سـەرکەوتووبن، بەمـەش هەسـت

بـە متمانـە دەکـەن، ئـەوکات توێـژەر لـە سـەرکەوتنەکەیانەوە گیانـی پاڵنەرایەتـی بـۆ کاکـردن دروسـتدەکات و هانیـان دەدات و پاداشـتیان دەکات بـۆ بەهێزکردنـی ڕەفتارەکەیـان...

**دەتوانیـن ڕۆڵـی توێـژەر لـە قۆناغـی سـەرەتاییدا لـە پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییەکانـی گەشـەکردن و خۆپارێـزی و چارەسەرسـازی لـەم خاڵانـەدا کـورت بکەینـەوە:**

**یەکەم: خزمەتگوزاریی گەشەکردن:**

کاتێـک توێـژەر پـلان بـۆ چەنـد چالاکـی و بەرنامەیـەک دادەنێـت بـۆ خوێندکارانـی قۆناغـی سـەرەتایی، ڕەچـاوی ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە دەکات:

- لەگـەڵ تەمـەن و توانسـتەکانیانا بگونجێـت، ئـەوکات دەتوانێـت لەمیانەیانـەوە گەشـە و بونیادنـان بێنێتـەدی.

- گەشە بە کەسێتییان دەدات تا بتوانن بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیان هەڵسـن، ئـەو ئاراسـتە باشـانە دروسـت دەکات و گەشـەیان پێـدەدات کـە یارمەتییـان دەدەات لەگـەڵ کۆمەڵگـە ناوخۆیـی و دەرەکییەکانـدا بگونجێـن، گەشـە بـە بەهـا ئـاکاری و کۆمەڵایەتـی و ئاینییەکانیـان دەدات و ئەزمـون دەردەگرێـت و ئـەو شـارەزاییانە وەبەردەهێنێـت کـە دەبنەهـۆی گەشـەکردنی کەسـێتی، کـە ئەمـەش ئامانجـی خزمەتگوزاریـی کۆمەڵایەتییـە، لەسـەر ئاسـتی تـاک بێـت یـان گـروپ یـان کۆمەڵگـە.

- توێـژەر لەڕێـی خزمەتگوزارییەکانـی گەشـەپێدانەوە دەتوانێـت پاڵپشـتی پەیوەنـدی خوێنـدکار بـکات لـەم قۆناغـەدا لەگـەڵ کۆمەڵگـە بچووکەکەیـدا کـە خوێندنگەیـە، مەشـقی پێـدەکات لەسـەر بەشداریکردن لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی کێشـەکانی ئـەم کۆمەڵگەیـەدا و هەندێـک بەرپرسـیارێتی پلەبەنـدی دەخاتـە ئەسـتۆ کـە لەمیانەیانـەوە هەسـت بـە

ئینتیما و دڵسۆزی دەکات بۆ ئەم کۆمەڵگەیە، وەک ئامادەکارییەک بۆ دروستکردنی هاوڵاتییەکی باش کە دڵسۆزە بەرامبەر کۆمەڵگە گەورەکەی و هەست بە ئینتیما دەکات بۆی، بەمەش خوێندکار هەست بەوە دەکات کە ڕۆڵێکی هەیە و دەیگێڕێت و سەرکەوتووە تیایدا، هەست بە متمانە بەخۆبوون و پشت بەخۆبەستن دەکات.

- ئەوکات توێژەر ئەو هەستە بەکاردەهێنێت بۆ گەشەدان بە هۆشیاری نەتەوەیی و هەستکردن بە هاونیشتمانی بوون و ئینتیما بۆ گروپی پۆلەکەی و گروپی چالاکییە سەربەستەکەی و گروپی خوێندنگەکەی، وەک ئامادەکردنی بۆ هاوڵاتییەکی باش.

## دووەم: خزمەتگوزاریی خۆپارێزی:

ئاشکرایە (خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن)، بۆیە توێژەر لە قۆناغی سەرەتاییدا پێویستە:

- هەوڵێکی زۆربدات بۆ پاراستنی منداڵانی ئەم قۆناغە لە تووشبوون بە کێشەکان و دوورخستنەوەیان لە کێشە.

- لەمەدا پشت بەو هەوڵانە دەبەستێت کە لەگەڵ مامۆستا و کارمەندانی خوێندنگەدا و لەگەڵ بەخێوکەری خوێندکارەکان دەیاندات، هەروەها لەگەڵ هەندێک تاکی کۆمەڵگەی دەرەکیدا دەیاندات، ئەوانەی ڕۆڵێکی کاریگەریان هەیە لەسەر کەسێتی خوێندکاران.

- هەموو هەوڵەکانی کۆدەکاتەوە بۆ پاراستنی خوێندکاران و پاراستنیان لە تووشبوون بەم جۆرە کێشانە.

- ئەو حاڵەتانە دەدۆزێتەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە تووشی کێشەبن، لەمیانەی کارلێکی لەگەڵ خوێندکاراندا لە قوتابخانەدا، هەروەها لەڕێگەی ئەو چالاکی و بەرنامەجیاوازانەوە کە بۆیان ڕێکدەخات و خۆشی بەشدارییان تێدادەکات، بەمەش لێی نزیک

دەبنــەوە و متمانــەی پێدەکــەن و پەیوەنـدی لەگەڵـدا دەبەسـتن، ئەمــەش دەبێتــە هاندەرێــک بۆیــان تــا قســەی لەگەڵــدا بکــەن و بــە ئــازادی گوزارشــت لــە هەســت و ســۆزەکانیان بکــەن.

ئــەوکات توێــژەری لێهاتــوو هــۆکاری کێشــەکان دەدۆزێتــەوە و چارەســەری ئەوتۆیــان بۆدادەنێـت کـە لـە داهاتـوودا ڕێگـە لـە ڕوودانیـان دەگرێــت، بــە بەکارهێنانــی شــێوازی کاکردنــی پیشــەییانە.

**سێیەم: خزمەتگوزاریی چارەسەرسازی:**

کاتێــک منــداڵ لــە کۆمەڵگــەی خێزانــەوە ڕوودەکاتــە کۆمەڵگــەی خوێندنگــە، لەوانەیــە تووشــی چەندیــن کێشــە بێــت، کــە دەبنــە تەنگوچەڵەمـە لەبـەردەم گونجانـی لەگـەڵ خوێندنگـەدا، جـا ئابووری بن یـان دەروونـی یـان جەسـتەیی، وە دەبنـە هۆکارێـک بـۆ سـوودنەبینینی لــە خزمەتگوزارییــە فێرکارییەکانــی خوێندنگــە، کاتێــک توێــژەر ئەمــەی بـۆ دەردەکەوێـت هـاوکاری دەکات بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـەم کێشـانە، لەڕێــی لێکۆڵینــەوە و دیاریکردنیــان و دواتریــش چارەســەرکردنیان، بەمــەش دەتوانێــت ســوود لــەو خزمەتگوزارییــە فێرکارییانــە وەربگرێــت کــە پێشــکەش دەکرێــن.

تاوەکــو ئــەم کێشــە تاکەکەســییانە زووتــر پێیانبزانرێــت، ئاســانتر چارەســــەردەکرێن، توێــژەر بــۆ دەرخســتنی ئــەم کێشــانە بەرلــەوەی ئاڵۆزبـن، هـاوکاری مامۆسـتایان و تەواوی کارمەندانـی خوێندنگە دەکات، کاتێکیـش پلانـی چارەسـەرکردنی گونجـاو دادەنێـت، لـە جێبەجێکردنیـدا پشـتیان پێدەبەسـتێت تـا ڕۆڵـی کاریگەریـان هەبێـت.

توێژەری لێهاتوو لەتوانایدایە پەیوەندی پتەو لەگەڵ دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان و بەخێوکەری خوێندکاران دروستبکات، تا لە دەرخستن و چارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا بە حەزەوە بەشداری لەگەڵدابکەن.

# بەشی دووەم

## قۆناغی ناوەندی (پۆلەکانی ٧ - ٩)

# تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قۆناغی ناوەندی

قۆناغی ناوەندی قۆناغی هەرزەکاری زووە، کە لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە تا پانزە ساڵی دەگرێتەوە. لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە:

- وەک قۆناغی ململانێی نێوان منداڵی و کامڵ بوونی گەشەکردن هەژماردەکرێت.

- خوێندکاری ئەم قۆناغە حەزدەکات وەک کەسێکی گەورە مامەڵە بکرێت و چاوەڕێی ئەوە لە دەوروبەرەکەی دەکات دان بە پیاوەتییەکەیدا بنێن، چونکە منداڵی گوزارشتە لە لاوازی و پیاوەتیش گوزارشتە لە هێز، وە حەزی لە سەربەخۆییە و هەست بە خۆی دەکات. ئەگەر وەک گەورە مامەڵە نەکرا، هەست بە دوودڵی و نیگەرانی دەکات، بەڵام ئەگەر هەستی بە پیاوەتی خۆی کرد، ئەوا هەست بە ئاسایش و دڵنیایی دەکات.

- خوێندکاری ئەم قۆناغە زۆر هەستیارن و زوو هەڵدەچن و بە هۆکاری بێ بایەخ توڕەدەبن، هەڵچوون و توڕەییەکانیان ئاراستەی ئەو تاک و گروپانە دەکەن کە تێیاندا دەژین، کەسێتییان بەپێی ئەو کەشە کۆمەڵایەتییە دروست دەبێت کە تێیدا دەژین. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و کەمی هەستکردن

بـە سـەقامگیریی بەتایبـەت لـە سـەرەتای ئـەم قۆناغـەدا، بەسـانایی بـۆ بـاوان و مامۆسـتاکانی باسـناکات کاتێـک زۆری لێدەکـەن بۆیـان ڕاڤەبـکات.

- وێنـدکار پێویسـتی بـۆ پێکهێنانـی هاوڕێیەتـی لەگـەڵ ئەوانـەی هەڵیاندەبژێرێت و هەست بە ئاسوودەیی دەکات لەگەڵیاندا دەردەخات، کاتێکیـش هەسـت بـەوەدەکات پەسـەندە لایـان و دەتوانێـت هاوبەشـیان بـکات لـە کار و گەمەکانیانـدا هەسـت بـە خـۆی دەکات.

- زیاتـر بایـەخ بـە شـتە ماددییـەکان دەدات وەک لـە بایەخـدان بـە شـتە مەعنەوییـەکان، وە زۆرجـار بـە جیهانـی دەوروبـەری سەرسـام دەبێـت.

- لـەڕووی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتـی و سـۆزدارییەکانەوە، بەترسـەکانی ئـەو گەورانـە کاریگـەر دەبێـت کـە دەزانـن لەوانەیـە ئـەم قۆناغـە مـاوەی سـەقامگیری سـۆزداری بێـت، یاخـود مـاوەی شـڵەژانێکی تونـد بێـت، لەبەرئـەوە ترسـیان لـە شـڵەژانی هەیـە، بۆیـە ڕوودەکەنـە سـەپاندنی چەنـد کـۆت و بەندێـک، لەکاتێکـدا پێشـتر ئازادییەکـی زۆریـان پـێ بەخشـیبوو، لێـرەوە پەیوەنـدی بـە گەورەکانـەوە تێکدەچێت، بەتایبـەت بـە باوانییـەوە. لەبەرئـەوە دەبینیـن خوێندکارانـی ئـەم قۆناغـە سـەریان لـە جیـاوازی ئـەو مامەڵەیـە دەسـوڕمێت، هەریەکەیـان دەسـتدەکەن بـە پرسـیارکردن لـەوەی مـن کێـم؟ ڕۆڵـم لـە کۆمەڵگـەدا چییـە؟ بـەدوای ڕۆڵ و پێگـەی خۆیـدا دەگەڕێـت.

- لـەڕووی گەشـەکردنی جەسـتەییەوە کـوڕەکان ڕوودەکەنـە کامـڵ کردنـی ڕووکارەکانـی پیاوەتـی و کچەکانیـش ڕوودەکەنـە کامـڵ کردنـی ڕووکارەکانـی مێینەیـی، سـەرەڕای ئـەوەی گۆڕنکارییـە جەسـتەیی و فسـیۆلۆژییەکان کۆمەڵێـک گۆڕانـکاری عەقڵـی و هەڵچوونـی قـووڵ لـە ژیانـی خوێندکارانـی ئـەم قۆناغـەدا دروسـت دەکـەن، کـە دەبنەهـۆی

تێکچوونـــی هاوســـەنگی هەڵچوونـــی و کۆمەڵایەتـــی، پاشـــان زۆرێـــک لـــە هـــەرزەکاران گونجـــان لەگـــەڵ کۆمەڵگـــەدا لایـــان ئەســـتەم دەبێـــت، ئەمـــەش دەبێتەهـــۆی دوورکەوتنـــەوە لـــە واقیـــع و ڕاکـــردن بـــەرەو خەیـــاڵ و زیندەخـــەو وەک فیێڵێکـــی بەرگـــری، یارمەتییـــان دەدات لـــە ژیـــان لەگـــەڵ ئـــەم گۆڕانکارییـــە خێرایانـــە و هێنانـــەدی گونجـــان لـــە جیهانێکـــی دیکـــەی ناواقیعیـــدا.

– خوێنـــدکار لـــەم قۆناغـــەدا پەنادەباتـــە بەر دەســـتە و تاقمـــی هاوڕێیان تـــا پێداویســـتییەکانی تێربـــکات و کەشـــێکی تایبـــەت و پێگەیەکـــی کۆمەڵایەتـــی تایبـــەت بۆخـــۆی دروســـتبکات و ڕۆڵـــی ســـەرکردایەتی بگێڕێت و هەڵوێســـتی ڕیســـک و پاڵەوانانـــە و ســـەرکردانە پیادەبـــکات و کەســـێک بدۆزێتـــەوە کـــە گـــوێ لـــە کێشـــەکانی بگرێـــت و وەڵامـــی ئـــەو هەڵچـــوون و هەســـتە نێوخۆییانـــەی بداتـــەوە کـــە لـــە گەورەکانـــی دەشـــارێتەوە.

## ڕۆڵی توێژەر لە قۆناغی ناوەندیدا

لـــەم قۆناغـــەدا توێـــژەر گەشـــەدان بـــە کەســـێتی خوێنـــدکاری لەنۆبـــەری هەرزەکاریـــدا دەکەوێتـــە ئەســـتۆ، بەپێـــی تایبەتمەندییەکانـــی ئـــەم قۆناغە، تا ئاراســـتەکردنی بەشـــێوەیەکی درووست ئاســـان بکات دوای ئامادەکردنی بـــەو شـــێوەیەی کـــە بتوانێـــت لـــە تـــەواوی لایەنـــە جەســـتەیی و دەروونـــی و عەقڵـــی و کۆمەڵایەتییەکانـــەوە گەشـــەبکات، لەمیانـــەی ئـــەو بەرنامـــە و چالاکییانـــەوە کـــە توێـــژەر پلانیـــان بـــۆ دادەنێـــت، کـــە هەلـــی وەرگرتنـــی زۆرێـــک لـــە شـــارەزایی وەربگرێـــت و گەشـــە بـــەو توانســـتانەی بدرێـــت کـــە دۆزراونەتـــەوە و هەمـــوو ئـــەو شـــارەزایی و ئاواتەنـــەی وەبەربهێنرێـــن کـــە ئارەزوویـــان دەکات، لەڕێـــی ئـــەو گروپانـــەوە کـــە توێـــژەر بـــۆ ئەنجامدانـــی

ئـەو چالاکییانـە پێکیـان دەهێنێـت کـە زۆرێـک لـە پێداویسـتییەکانیان تێـردەکات و زۆرێـک لـە خواسـتەکانیان دێنێتـەدی.

**ئەمانــەی خــوارەوە کورتــەی ڕۆڵەکانــی توێــژەرن لــە قۆناغــی ناوەندیـدا، لەمیانـەی پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییەکانـی گەشـەکردن و خۆپارێــزی و چارەسەرســازییەوە، بــەم شــێوەیەی خــوارەوە:**

**یەکەم: خزمەتگوزاریی گەشەکردن:**

- توێـژەر لـەم قۆناغـەدا بایـەخ بـە پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی گەشــەکردن (بونیادنــان) دەدات بــە خوێنــدکاران، کــە لەگــەڵ پێداویسـتییەکانی هەرزەکاریـدا دەگونجێـن، لەڕێـی بەشـدارییپێکردنیان لـە گروپـە ڕێکخـراو و گونجاوەکانـی خوێندنگـەدا، کـە بەکۆمەڵایەتیبوونێکـی درووسـتیان بـۆ دەڕەخسـێنێت، لەگـەڵ سـوودوەرگرتن لـەو چالاکییـە جۆراوجۆرانــەی بەجێیــان دەهێنێــت وەک ئامرازێکــی یارمەتیــدەر بــۆ دۆزینــەوەی مەیـل و توانسـتە تایبەتییەکانیـان، پاشـان وەبەرهێنـان و گەشـەپێدانیان.
- ئــەو خزمەتگوزاریــی و پــڕۆژە بەکۆمەڵانەیــان بــۆ دەســتەبەر دەکات کـە بەرامبـەرن لەگـەڵ پێداویسـتییەکانیاندا، وەک ڕێکخسـتن و وەبەرهێنانـی دەسـتبەتاڵییان لەڕێـی خزمەتگوزاریـی گشـتی و کەمـپ و چەندیـن بەرنامـەی دیکـە کـە هاریـکاری هـەرزەکار دەکـەن بـۆ هێنانـەدی گەشــەکردنە هەڵچوونــی و کۆمەڵایەتــی و عەقڵــی و جەســتەییەکانی.
- یارمەتی گەشـەکردنی ئاراسـتە درووسـتەکان و بەها ئاکارییەکان و ئاینییـەکان دەدات، لەڕێـی ئـەو چالاکییـە جیاوازانـەوە کـە بەشـێوەکی درووســت دایاندەڕێژێــت و پلانیــان بــۆ دادەنێــت بــۆ هێنانــەدی ئــەو خزمەتگوزارییانــەی گەشــەکردن کــە ئامانجــی کۆتاییــان گەشــەدانە بــە کەسـێتییان بەپێـی تایبەتمەندییەکانـی ئـەو قۆناغـە.

توێــژەری لێهاتــووی خوێندنگــە دەتوانێــت لــەڕووی دەروونییــەوە خوێندکارانــی ئامادەبکات تــا بەپێــی توانا ســوود لــە پرۆســەی فێربــوون وەربگــرن، وە لەمەشــدا تــەواوی لایەنەکانــی کۆمەڵگــەی خوێندنگــە و کۆمەڵگــەی خۆجێیــی بەشــداری پێــدەکات.

**دووەم: خزمەتگوزاریی خۆپارێزی:**

توێــژەر لــەم قۆناغــەدا بایەخێکــی تایبــەت بــە خزمەتگوزارییــە خۆپارێزییــەکان دەدات، لەڕێــی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووکارەکانــی کێشــە گشــتییەکانی خوێندنگــە و هاوکاریکــردن لەگــەڵ خێزانــی خوێندنگــە و دایــکان و بــاوکان، لەڕێی پێشکەشــکردنی هاریکاری گونجــاو، کــە دەتوانیــن لــەم چەنــد خاڵــەدا کورتیــان بکەینــەوە:

١. لەبەرچاوگرتنــی بارودۆخــە تەندروســتییەکانی خوێنــدکار، بەتایبــەت لــەم قۆناغــەدا کــە بــە چەندیــن گۆڕانــکاری جەســتەیی جیاوازدا تێدەپەڕێــت، هەروەهــا دەستخســتنی ئامــرازی خۆپارێــزی تەندروســتی، هــەروەک چــۆن پێویســتی بــە ڕێنمایــی و ئاراســتەکردنی تەندروســتی هەیــە لــەڕووی جەســتەییەوە.

٢. لەبەرچاوگرتنــی بارودۆخــە هەڵچوونییەکانــی، بەجۆرک خوێندکاری ئــەم قۆناغــە پێویســتی بەوەیــە بەرچــاوڕوون بکرێــت لــە هەڵچوونەکانــی گەنجــان لــە تەمەنــی ئــەودا و شــیکارکردنیان بــۆی، تــا یارمەتــی بــدات بــۆ گێڕانــەوەی گونجــان و ســەقامگیرییە دەروونییەکــەی، ئەمــەش ئــەو دوودڵــی و ڕاڕایــی و ترســەی ناهێڵێــت کــە بەدەســتییەوە دەناڵێنێــت.

٣. لەبەرچاوگرتنــی بارودۆخــە کۆمەڵایەتییەکانــی، لەڕێــی سیاســەتێکی یەکگرتــووەوە بــۆ مامەڵەکردنــی لــە خوێندنگــە و ماڵــەوە، بەرچاوڕوونکردنــی دایــکان و بــاوکان لــە کێشــە و گرفتەکانــی گەنجــان لــەو قۆناغــەدا، تــا مامەڵەکردنیــان لەگــەڵ بارودۆخەکانــی ڕۆڵەکانیــان

بگونجێت، وەک منداڵی گەورە کە پێویستییان بە میهرەبانی و هەستکردنە بە کامڵ بوونی گەشەکردن، ئەمەش لە یاخیبوون لە خوێندنگە و ماڵ دووریان دەخاتەوە، هەروەها کارکردن لەسەر بەشداریکردنی کوڕان و کچان لەو گروپانەدا کە ئەو چالاکییە ئازادانە پەیڕەو دەکەن کە پێداویستییەکانیان تێردەکات و یارمەتی پێکهێنانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە بەکۆمەڵانەیان دەدات کە بە دانەپاڵ و ئینتیمایان بۆی هەست بە دڵخۆشی دەکەن، بەمەش هەست بە کیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و سەربەخۆبوونیان دەکەن، بەمەش متمانە بەخۆبوونیان گەشەدەکات و مەیلیان بۆ هاریکاری و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی... هتد زیاد دەکات.

توێژەر بە تەواوی ئەم خزمەتگوزارییانە هەڵدەستێت، کە ئامانجیان تێگەیشتنێکی ئامانجداری خوێندکارانە، پاشان یارمەتیدانیان تا باشتر بتوانن لە خۆیان و ژینگەکەیان و کێشەکانیان تێبگەن، کاتێکیش پرۆسەی تێگەیشتن دێتەدی خوێندکاران دەتوانن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا کە لە داهاتوودا ڕووبەڕوویان دەبنەوە پشت بە خۆیان ببەستن.

٤. بۆ ڕەچاوکردنی مەیل و توانستەکانی خوێندکارانی ئەم قۆناغە، توێژەر پشت بە تەواوی ئەو توانستانە دەبەستێت کە یارمەتیدەرن بۆ ئاراستەکردنیان لەڕووی فێرکاری و پیشەییەوە، دوای ئەوەی بە توانست و لێهاتووییەکانیان ئاشنادەبێت و یارمەتییان دەدات بۆ وەبەرهێنان و گەشەپێدانیان لەڕێی پرۆگرامەکانی خوێندن لەلایەک و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خوێندنگەوە لەلایەکی دیکەوە.

ئەمانە گرنگترین خزمەتگوزارییە خۆپارێزییەکانی خوێندکارانی خوێندنگەی ناوەندی بوون، بێگومان تەواوی ئەم خزمەتگوزارییانە پێویستیان بەوەیە سەرکردەکان ڕەچاوی بایەخدان بە کەسێتی

خوێندکار و تێرکردنی پێداویستییەکانی بکەن، بەوەی کە خۆشەویستی پێبەخشن و قبووڵی بکەن و تەواوی ئەو هەلانەی بۆ بڕەخسێنن کە بەهۆیانەوە دەتوانێت گوزارشت لە کەسێتی خۆی بکات، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە تەواوی ئەو شتانەی لە توانستەکانی کەم دەکەنەوە، وەک سەرکۆنەکردنی لای هاوڕێکانی و گاڵتەکردن بە خۆی و بە کردەوەکانی یان سزادانی بەشێوەیەکی توند کە شوێنەواری هەڵچوونی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان جەستەیی لەسەر جێدێڵێت، ئەمەش چەندین دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئێستا و داهاتووی و دەبنە بەربەست لەبەردەم گونجانی درووستی لەناو خوێندنگەدا.

**سێیەم: خزمەتگوزاریی چارەسەرسازی:**

خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی پێویستییەکی زۆریان بە خزمەتگوزارییە چارەسەرسازییەکانی توێژەر هەیە، بەهۆی ئەو کێشە هەڵچوونییانەی بەدەستیانەوە دەناڵێنن، وەک دڵەڕاوکێ و لەدەستدانی متمانە بەخۆبوون و هەستکردن بە کەمی و شەڕەنگێزی و گۆشەگیریی، پاشان زێدەڕۆیی لە سەرکێشی و زێدەڕۆیی لە سەرنجڕاکێشانی دەووبەر لەڕێی چەند هەڵسوکەوتێکەوە کە لەوانەیە لەسەر ئاستی نەست بن یان لەسەر ئاستی هەست، وەک کێشەکانی میزبەخۆداکردنی خۆنەویستانە یان نینۆک خواردن یان تفکردنەوەی بەردەوام یان خۆنەخۆشخستن یان مانگرتن لە خواردن یان خواردن بە لەسەرخۆییەکی لەڕاددەبەدەر... هتد، لەو کێشە هەڵچونیانەن کە پەیوەستن بە تایبەتمەندییەکانی هەرزەکاری زووەوە کە گرنگەکانیانمان باس کرد.

چەند کێشەیەکی دیکە هەن پەیوەستن بە دواکەوتنی خوێندنەوە

کـە بـۆ چەنـد هۆکارێکـی ژینگـەی خوێنـدکار یـان خـودی خوێنـدکار خـۆی دەگەڕێنــەوە، یــان بەهــۆی لاوازی زیرەکــی خوێنــدکارەوە یــان بەهــۆی نەگونجانــی بەرنامەکانــی خوێنــدن لەگــەڵ توانســت و مەیلــە تایبەتییەکانیـدا، سـەرەڕای ئـەو کێشـانەی کـە دەبنـە هـۆی دواکەوتنـی خوێنــدکار لــە هاوڕێکانــی لــەڕووی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی یــان تەندروســتییەوە، وەک کێشــەکانی بێبەشــکردن و حــەزی خۆدەرخســتن و ئـارەزووی خاوەندارێتـی بەشـێوەیەکی لەڕادەبـەدەر، هەمـوو ئەمانـەش لـە شـێوەی کێشـەکانی خۆدزینـەوە یـان ئامادەنەبـوون یـان دزی یـان دوژمنــکاری یــان نەفرەتکــردن لــە کەشــی خوێندنگــەدا دەردەکــەون، ســەرەڕای کێشــە تەندروســتییە جیاجیــاکان.

ئــەم کێشــانە و کێشــەکانی دیکــەش پێویســتیان بــە توێــژەری خزمەتگوزاریــی تــاک هەیــە، تــا هەوڵــە چارەسەرسـازییەکانی بخاتەگــەڕ بــۆ بەرەنگاربوونــەوەی ئــەم کێشــانە و چارەســەرکردنیان. لەکاتــی چارەســەرکردنی ئــەم کێشانەشــدا لەوانەیــە توێــژەر لــە خوێندنگــەدا پێویســتی بــە هاریــکاری دەســتەی کارگێــڕی و مامۆســتایان و هەندێــک دامــەزراوەی کۆمەڵگــە بێــت، وەک کلینیکــە پزیشــکییەکان و دەرونییــەکان و کاروبــاری کۆمەڵایەتــی و کۆمەڵــە خێرخوازییــەکان، کــە لــە جێبەجێکردنــی پلانــە چارەسەرســازییەکەیدا پشــتیان پێدەبەســتێت، ئەگـەر پلانەکـە پەیوەسـت بـوو بـەو خزمەتگوزارییانـەوە کە ئـەو لایەنانە پێشــکەش بــە خوێندکارانــی دەکــەن.

# بەشی سێیەم

## قۆناغی ئامادەیی (پۆلەکانی ١٠ - ١٢)

# تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قۆناغی ئامادەیی

قۆناغی ئامادەیی تەمەنی پانزە بۆ هەژدە ساڵی دەگرێتەوە، کە قۆناغی هەرزەکاری ناوەندە، خاوەن چەند تایبەتمەندییەکە کە لەسەر خوێندکارانی ئەم قۆناغە دەردەکەون و پەیوەستن بە توانستە جەستەیی و عەقڵی و توانستە سۆزدارییەکانەوە...

- لەڕووی توانستە جەستەییەکانەوە خێرایی گەشەکردنی هەرزەکار کەمترە وەک لە پێشوو، توانستی کۆنترۆڵکردنی ماسولکە و دەمارەکان زیاددەکات تا لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا گەشەی تەواو دەبێت و هەردوو ڕەگەز لەڕووی جەستەییەوە ئامادەدەبن بۆ هاوسەرگیری، بەڵام ئەمە مەحاڵە لەڕووی مادییەوە، هەرزەکار دەتوانێت نەریتە تەندروستییە دروستەکان بونیادبنێت لەگەڵ بەردەوامی پێداویستی بۆ خواردن و خەوی زۆر، زۆرجار پەنادەباتە بەر خەوەبێداری و نیشانەکانی دوودڵی و دڵەڕاوکێی دەروونی لێ دیاری دەدات و وای لێدێت لە سەرنجەکانی گەورەکان تێناگات و بە ئامۆژگارییەکانیان پەست دەبێت، لەبەرئەوە دەبینین لەم قۆناغەدا ڕوودەکاتە دەستە و تاقمی هاوڕێیان و پەیوەندییەکانی لەگەڵیاندا بەهێز دەکات، بەهۆی هەستکردنییەوە بەوەی ئەوان بە زمانی ئەو قسەدەکەن و لە هەستەکانی تێدەگەن، ئەوکات لەناویاندا هەست بە سەربەخۆیی و

ئـازادی دەکات...

- لـەڕووی عەقڵییـەوە خوێنـدکار توانـای سـوودوەرگرتنی لـەڕووی فێرکارییـەوە زیـاد دەکات، هەروەهـا توانـای پرۆسـە عەقڵییەکانیشـی زیـاددەکات، وەک خەیاڵکـردن و بیرکردنـەوە، هـەروەک چـۆن بـە کەسـێکی فزولـی وەسـف دەکرێـت و حـەزدەکات هەمووشـتێک بزانێـت و فەلسـەفەیەکی تایبـەت بـە خـۆی دروسـت دەکات. بـەڵام خوێندکارانـی ئـەم قۆناغـە خواسـتی زۆریـان هەیـە کـە زۆرجـار لـە سـەروو توانسـتەکانیانەوەیە و دڵسـۆزن بەرامبـەر پرەنسـیپ و نمونەبـاڵاکان، هەروەهـا ئـارەزووی تێکەڵبـوون بەوانـی دیکەیـان هەیـە و حـەزی جەختکردنـەوە لـە دروسـتی بیروباوەڕەکانیانیـان هەیـە، هەروەهـا ڕوودەکەنـە ئـازادی عەقڵـی و پێویسـتیان بـە ڕێنماییکـردن هەیـە بـۆ چۆنییەتـی بەکارهێنانـی، وە ڕوودەکەنـە زانیـاری وورد کـە هەوڵـدەدەن لەڕێـی سـەرچاوەی باوەڕپێکـراوەوە بەدەسـتیان بهێنـن، لەبەرئـەوە ئـەم قۆناغـە بـە قۆناغـی بێداربوونـەوەی عەقڵـی دادەنرێـت.

- سـەبارت بـە توانسـتە سـۆزدارییەکان، ئـازادی سـۆزداری لـەم قۆناغـەدا دروسـت دەبێـت، هـەرزەکار ڕوودەکاتـە بەسـتنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕەگـەزی بەرامبـەر و کەسـێتییان ڕێگـەی گەشـەکردن و کامڵبوون دەگرێتەبـەر، خوێنـدکار لەتوانایـدا دەبێـت پەیوەندییـەکان ببەسـتێت و بڕیـار بـدات، بیـروڕا پیشـەییەکان و بیروبـاوەڕە ئاینییەکان دروسـت دەبن و هەسـتی پەیوەسـتبوونی توونـدی بـۆ دروسـت دەبێـت، دوای ئـەوەی توانـای چاودێریکردنـی بەهێـزی خـودی بـۆ دروسـت دەبێت. لەبەرئـەوە دەبینیـن خوێندکارانـی ئـەم قۆناغـە بـە قۆناغـی ململانێـی نێـوان ئـەم گۆڕانکارییـە نوێیانـە و ئـەو ئاراسـتانەدا دەڕۆن کـە لـە خوێندنگـە و دەسـەڵاتداری خێزانـدا پێیـان کاریگـەر دەبـن، ئـەو دەسـەڵاتدارەی دان بـەم گۆڕانـکاری و ئاراسـتە نوێیانـەدا نانێـت، بەهـۆی ئەمەشـەوە

جۆرێـک لــە جیـاوازی و ناکۆکـی لەنێـوان خوێنــدکار و خێزانەکەیـدا سـەرهەڵددات، کـە دان بـە مافەکانیـدا نانێـت و ئازادییەکانـی سـنووردار دەکات و لــە بایەخــی کــەم دەکاتــەوە و ئــەو کارانەشــی لــێ قەدەغــە دەکات کە قەناعەتیـان پێنـاکات، هەروەهـا داوای ڕەفتارێکـی دیاریکراوی لێـدەکات کـە لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـە کۆمەڵایەتییـە نوێیـەدا ناگونجێـت کـە خوێندکارەکـە تێیـدا دەژی...

– گرنگتریـن توانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـی ئـەم قۆناغـە بریتیـن لـە: خوێنـدکار حـەز بـە ئیسـپاتکردنی پیاوەتـی خـۆی دەکات و بایەخـی پێـدەدات، بەجۆرێـک وا ڕاڤەدەکرێـت کــە ئــارەزووی لــە ئازادبوونــە لـە دەسـەڵاتی گـەورەکان، ئەوانـەی بـەردەوام هــەرزەکار ئـەوان بـەوە وەسـفدەکات کـە لێـی تێناگـەن، لەبەرئـەوە گوێ بـە ئاراسـتەکردنەکانیان نـادات، تەنهـا ئەوانەیـان وەردەگرێـت کـە دوای گفتوگۆیەکـی درێـژ قەناعەتیـان پێـدەکات، وردەوردە هەسـت بـە خـۆی دەکات و بـەدوای ئـازادی و سـەربەخۆییدا دەگەڕێـت.

## ڕۆڵی توێژەر لە قۆناغی ئامادەییدا

خزمەتگوزاریـی کۆمەڵایەتـی خوێندنگەیـی بایەخێکـی زۆر بـە (هـەرزەکاری تەبـا) دەدات، واتـا بەتەنگـەوە هاتنـی هـەرزەکار و یارمەتیدانی لە هێنانەدی هاوسـەنگییە کۆمەڵایەتییەکەی و سـەقامگیرییە کۆمەڵایەتییەکەیـدا، بەجۆرێـک گوزارشـت لـەم قۆناغـە مەترسـیدارە بـکات و ڕەفتارەکانی لـە دڵەڕاوکێ و هەڵچوونـی توند خاڵـی بکاتـەوە، ئەمـەش یارمەتـی گونجانـی دەدات لەگـەڵ ژینگەکەیـدا لـە خێـزان یـان خوێندنگـە یـان یانەکـەی و هەرگروپێکـی دیکـەدا، گونجانێکـی ئاسـایی

**کە لەڕێیەوە شارەزایی خوێندن و لێهاتویی کۆمەڵایەتی بەدەست دەهێنێت.**

**ڕۆڵەکانی توێژەر لەمیانەی سێ لایەنی سەرەکی خزمەتگوزاریدا کورت دەکەینەوە بەم شێوەیە:**

**یەکەم: خزمەتگوزاریی گەشەکردن:**

کاتێک توێژەر لە خوێندنگەدا خزمەتگوزارییەکانی گەشەکردن پێشکەش بە خوێندکارانی ناوەندی دەکات، ئەوا:

- هەوڵدەدات گەشە بە کەسێتییان بدات، کە یارمەتی گونجانیان دەدات لەگەڵ کۆمەڵگەدا، لەڕێی هاوکاریکردنیان بۆ تێگەیشتن لە خۆیان و ئاشنابوون بە توانست و مەیل و ئارەزووە ڕاستەقینەکانیان، چونکە پێویستییەکی زۆریان بەوەیە بزانن کە خاوەن زیرەکی و شارەزایی تایبەتن و مەیلی پێویستیان هەیە بۆ فێربوونی پیشەیەک لە پیشەکان و پێشکەوتن تیایدا، پاشان هاوکارییان دەکات تا گەشەی پێبدەن و وەبەری بهێنن، دواتر هەریەکەیان ئەو ئاراستەیە بگرن کە لەگەڵ مەیل و ئاراستە و توانستەکانیاندا دەگونجێت، بەمەش هەنگاودەنێت ڕووە و پێگەیشتن و پێ دەخاتە سەر ڕێگەی بونیادنان و گەشەکردن، ئەگەر داوای ڕێنماییشی کرد پێشکەشی دەکات.

- لەڕێی بەشدارییپێکردنیان لە چالاکییەکاندا گەشە بە ئاراستەیان دەدات ڕووەو سەربەستی و ئازادی، لەو چالاکییانەدا بەرپرسیارێتی ئەوتۆیان دەخاتە سەرشان کە لەگەڵ توانستەکانیاندا دەگونجێت، تاکو گەشە بە متمانە بەخۆبوونیان و توانستەکانیان بدات بۆ گونجان لەگەڵ داخوازییەکانی ژیاندا و لەگەڵ کەسوکار و ئەوانی

دیکەدا دەگونجێن، بەمەش ئامادەیان دەکات بۆ سەربەخۆبوون لە خێزان و هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزانی نوێ.

بەمەش هیوایان دەژیێنێتەوە و هاوکارییان دەکات بۆ سەرکەوتن و کارکردن. مەزنترین شت کە هەستکردن بە بەهای خۆی و گەشەکردنی متمانەبەخۆبوون بۆ هەرزەکار دەگێڕێتەوە هەستکردنیەتی بە سەرکەوتن، ئەوەشی ئەم هەستە لاواز دەکات هەستکردنیەتی بە شکست. ئەگەر توێژەر لە سەرکەوتن و بەرەنگاربوونەوەی کێشەکانیاندا لە خێزان و قوتابخانەدا هاوکارییان بکات، ئەوا لە بونیادنانی متمانە بەخۆبوونیاندا هاوکارییان دەکات، گەشەدان بە متمانەش یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی گەشەدانە بە کەسێتی.

**دووەم: خزمەتگوزاریی خۆپارێزی:**

بەلەبەرچاوگرتنی (خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن)، توێژەر بایەخ بەمانەی خوارەوە دەدات:

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی خۆپارێزی بۆ خوێندکارانی ئەم قۆناغە تا دووریانبخاتەوە لە دووچاربوون بە کێشەکان، لەڕێی ئەو چالاکی و بەرنامانەوە کە ئەم ئامانجانە دێننەدی.

- توێژەر هەڵدەستێت بە قۆستنەوەی زۆرێک لەو چالاکی و بەرنامانە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، وەک بەشدارییپێکردنی خوێندکاران لەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەی سروشتێکی کۆمەڵگەییان هەیە، وەک کەمپەکان و پڕۆژە ژینگەییەکان و خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە، ئەمەش دەبێتەهۆی بەستنەوەی خوێندکار بە کۆمەڵگەکەیەوە، تا هەست بە بەهای خۆی بکات و لەسەر ڕۆڵ و پێگە کۆمەڵگەییەمەی و هەستکردنی بەخۆی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ڕابێت.

**سێیەم: خزمەتگوزاریی چارەسەرسازی:**

**توێژەر کار لەسەر ئەمانە دەکات:**

- هەلی گوزارشتکردن لە کێشەکانیان بۆ خوێندکارانی ئەم قۆناغە دەڕەخسێنێت، ئەمەش لەکاتێدا دەبێت کە بە وشیارییەوە گوێیان بۆ بگرێت، چونکە هەرزەکاران پێویستیان بە کەسێکە بە وشیارییەوە گوێیان بۆ بگرێت و لە کێشەکانیان تێبگات، ئەوکات گوزارشتیان لێدەکەن و لەبری ئەوەی لێیان ڕابکەن و پەنا بۆ خەیاڵ و زیندەخەو بەرن، هەروەها لەبری ئەوەی هەرزەکار هەست بەوە بکات کە گەورەکان تێیناگەن و متمانەی پێیان نەمێنێت و لێیان دووربکەوێتەوە، لەگەڵ توێژەردا بەشێوەیەکی واقیعی بیر لە کێشەکە دەکەنەوە. بەڵام توێژەر وێنەیەکی دیکەی لەو گەورانە نیشاندەدات کە بە سۆز و بایەخپێدانەوە گوێی لێدەگرن و لە سەرکۆنە و لۆمەکردنی دووردەکەونەوە، بەمەش متمانە بوونی بەوان بۆ دەگەڕێتەوە و گوزارشت لە کێشەکانی دەکات بۆیان.
- توێژەری لێهاتوو هەلی بەشداریکردن لە گفتوگۆکردنی بەکۆمەڵ لەگەڵ چەند خوێندکارێکی هاوشێوەی خۆیدا بۆ ئەم خوێندکارە دەڕەخسێنێت، ئەم گفتوگۆیانە دەربارەی کێشە هاوبەشەکانیان دەبێت و توێژەریش هەندێجار هانیان دەدات و هەندێجاریش ڕاوێژیان پێدەکات، تا زیاتر لە هەستە تایبەتەکانیان بدوێن، لێرەدا هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی دەکەن، بەمەش توێژەر هەلی ئاشنابوون بە کێشە هاوبەشەکانی بۆ دەڕەخسێت و یارمەتییان دەدات بۆ بەرەنگاربوونەوە و چەرەسەرکردنیان.

لێرەوە بایەخی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لە خوێندنگەدا دەردەکەوێت، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی، کاتێک توێژەر لە خوێندنگەدا بەشێوەیەکی تەواو بە ڕۆڵەکانی هەڵدەستێت لە پێشکەشکردنی

خزمەتگوزارییەکانی گەشەکردن و خۆپاریزی و چارەسەرسازی، بەو شێوەیەی لە قۆناغە جیاوازەکاندا ڕوونمان کردەوە لەگەڵ هەمەوارکردن و پەرەدان بەولایەنانەی پێویستیان بە پەرەپێدانە، بەشێوەیەک کە لەگەڵ پێداویستی و بارودۆخەکانی خوێندکاردا بگونجێت لە تەواوی قۆناغەکاندا.

# دەروازی سێیەم

# توێژەری سەرکەوتوو کێیە؟

# توێژەری سەرکەوتوو کێیە؟

ئاشکرایە توێژەر یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، سەرکەوتن و داهێنانی لە کارەکەیدا پاڵنەرێکە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەدەستهێنان و لێهاتوویی و داهێنان لای خوێندکاران، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگەی خوێندنگە بەتەواوی بوار و لایەنەکانییەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی پرۆسەی فێربوون و پاشانیش ئامادەکردنی نەوەی بەرهەمهێنی لێهاتوو کە بەشداری لە بونیادنان و گەشەکردنی کۆمەڵگەدا دەکەن.

ڕاستییەکەی توێژەر کاری زۆرە و بوارەکانی کارکردنیشی فراوانن، لەبەرئەوە بوونی لەناو کۆمەڵگەی خوێندنگەدا پێویست و پڕبایەخە، پرسیارێک بە هزری ئەو توێژەرانەدا دێت کە جددین لە کارەکانیاندا و بەپەرۆشن بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان بەرامبەر ئەوانی دی، دەپرسن (چۆن دەبمە توێژەرێکی سەرکەوتوو؟).

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ڕوودەکەینە توێژەران و دەڵێین: دەزانین تۆ ڕێز لە کارەکەت دەگریت و تەواوی هەوڵەکانی خۆت دەخەیتەکار بۆ ئەنجامدانی باشترین ڕۆڵ و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە کۆمەڵگەی خوێندنگە، بەڵام پێویستە زیاتر بخوێنیتەوە و ئەم لایەنانە لەبەرچاو بگریت:

- پەیوەستبوونی ڕەفتاری.
- مەعریفەی پسپۆری.
- بەشداریکردنە ئەرێنییەکان.
- ئەنجامەکانی کارکردنێکی سەرکەوتوو.

بەرلەوەی ئەم لایەن و پێوەرانە ڕاڤەبکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە گرنگە توێژەر بە ئەرک و کارەکانی ئاشنابێت، هەروەها بە کۆمەڵگەی خوێندنگە و ئەو کۆمەڵگە خۆجێییەی دەوری داوە و دابونەریتەکانی ئەم کۆمەڵگەش ئاشنابێت. هەروەها شارەزای تەواوی ڕەفتارەکانی خوێندکارەکانی و ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە جێگیر و گۆڕاو و لەناکاوانە بێت کە کۆمەڵگەی خوێندنگە پێکدەهێنن و کاردەکەنە سەری، هەروەها شارەزای ئەو دامەزراوانە بێت کە کۆمەڵگەیان لێ پێکدێت لەگەڵ ئاشنابوون بە خزمەتگوزارییەکانی ئەم دامەزراوانە، کە دەتوانرێت بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی خوێندنگە و خوێندکاران سوودیان لێ وەربگرێت.

گرنگترین شت لە کاری توێژەردا دانانی پلانی باشی کارکردنە، بەپێی ئەو ئامانجانەی کۆمەڵگەی خوێندنگە دەیەوێت بیانهێنێتەدی و پێویستنی، بەستنەوەی پلانەکەشی بە لێکۆڵینەوەی ئەو کۆمەڵگەیە بە تەواوی گۆڕانکارییەکانییەوە و بەخشینی بڕێک لە نەرمی لە جێبەجێکردندا و بەشدارییپێکردنی تەواوی ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەی خوێندنگە لە پلانەکەیدا، تا لەگەڵ خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی خوێندنگەدا بگونجێن...

هەروەها دەبێت باوەڕی بە کاری هاوبەش و هاریکاری هەبێت، جا بۆ خوێندکاران بێت یان بۆ دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان یان بۆ گروپەکانی خوێندنگە، هەروەها تەواوی کارەکانی بە نووسین و وێنەی فۆتۆگرافی و تۆمارکراوی جا بە دەنگ بێت یان وێنە دۆکۆمێنت بکات، بۆئەوەی ببنە بەڵگەی سەلمێنەری کارەکانی و

**هەروەها وەک سەرچاوەیەکیش بەکاریان بهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی و باشترکردنیان لە داهاتوودا.**

**هەموو ئەمانە سەرکەوتن لە کاردا دەستەبەر ناکەن بێ گەشەدانی پیشەیی بەردەوام، جا خودی بێت یان لەڕێگەی خولی بەهێزکردن و ڕاهێنانەوە بێت، بۆ ئاشنابوون بە شتە نوێکان لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا...**

**گرنگترین پێوەرەکانی توێژەری سەرکەوتووش بریتین لە:**

**یەکەم: پەیوەستبوونی ڕەفتاری:**

**نموونەیەکی باش بێت لەڕووی پەیوەستبوونی ڕەفتارییەوە بۆ خوێندکاران و هاوڕێکانی، لەکارەکەیدا ڕێز لە بایەخی کات بگرێت و بەر لەکاتی دیاریکراوی دەوامی فەرمی لەسەر کارەکەی ئامادەبێت، بەرێزەوە مامەڵە لەگەڵ هەمووواندا بکات، بەپەرۆشبێت بۆ کارەکەی و ڕۆڵێکی ئەرێنی لە کۆمەڵگەی خوێندنگەدا بگێڕێت، خاوەن پەیوەندییەکی باش بێت لەگەڵ لایەنەکانی کۆمەڵگەی خوێندنگە و کەسوکاری خوێندکاراندا، ئەم پەیوەندییەش بۆ بەرژەوەندی کارکردنی لەگەڵ خوێندکاراندا لەڕووی ڕەفتاری و پەروەردەییەوە بەکاربهێنێت.**

**دووەم: مەعریفەی پسپۆری:**

**پێویستە توێژەر خاوەن توانستی مەعریفی بەرز بێت لە بواری پسپۆری خۆیدا و پارێزگاری لە پەرەسەندنی پیشەیی خۆی بکات و ئامادەی تەواوی ئەو چاوپێکەوتن و کۆڕ و کۆبوونەوانە بێت کە وەزارەت یان بەڕێوەبەرێتییەکان ڕێکیان دەخەن، لەمیانەی پەرەدان بە شێوەی چالاکی خوێندنگەوە داهێنان لە کارەکەیدا**

بکات، لە تەواوی ئەوشتانەدا کە پەیوەستن بە کارەکەیەوە یارمەتی خوێندکاران و مامۆستایان بدات، دەستپێشخەری بەشداریکردنیان بکات لە کارکردنی خۆبەخشانە و خزمەتکردنی ژینگەی خوێندنگە و کۆمەڵگە بۆ بڵاوکردنەوەی چەندین بەها و ڕەفتاری باش لە ناخی خوێندکاراندا.

**سێیەم: بەشداریکردنە ئەرێنییەکان:**

پێویستە توێژەر ڕۆڵێکی دیار لە گەشەدان بە پەیوەندییە مرۆییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان هاوڕێیان لە کۆمەڵگەی خوێندنگەدا بگێڕێت، توانای دیاریکردنی کێشە خوێندنگەیی و کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت و ئاشنابێت پێیان و بەرپرسانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، ئەو پێشنیارانەش بخاتە ڕوو کە هاوکاری چارەسەرکردنیان دەکەن، هەروەها بیروڕای پەروەردەیی بەهاداری هەبێت و لەشێوەی بڵاوکراوە و پەیامدا بڵاویان بکاتەوە تا سوود بە کۆمەڵگەی پەروەردەیی بگەیەنن و بەشداری لە بەرزکردنەوەی ئاست و بەجێهێناندا بکات لە کاری کۆمەڵایەتیدا.

**چوارەم: ئەنجامەکانی کارکردنێکی سەرکەوتوو**

پێویستە توێژەر بە ئامادەکردن و ڕێکخستنی چالاکی خوێندنگەیی هەڵبستێت و بەشداریکردن لە پێشبڕکێ گشتییەکانی چالاکی خوێندنگە ڕێکبخات و هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستایان و خوێندکاران ڕێکبخات بۆ هێنانەی باشترین ئامانج بۆ خوێندنگەکەی، پێویستە شێوازەکانی کارکردنی پیشەیی جێبەجێبکات لە بەدواداچوونی خوێندکاراندا و باشترکردنی ئاستی خوێندنیان، لە سەرەتای ساڵی خوێندندا پلانێکی پێشکەوتوو بۆ ئاراستەکردنی بەکۆمەڵ جێبەجێ بکات کە چەندین

بەهای پەروەردەیی لەناخی خوێندکاراندا بچێنێت، پلانی کارکردنی لەسەر چەند بنەمایەک دابڕێژێت کە ساڵی ڕابردوو لێی کۆڵیونەتەوە و چەند دیاردەیەکی نەرێنی ئەم ساڵی خوێندن چارەسەربکات و هاوشان بێت لەگەڵ بارودۆخەکانی کۆمەڵگەی خوێندنگەدا و لەگەڵ سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنیشدا بگونجێت.

لە کۆتاییدا دەڵێین: هەمووان دەتوانن لە کارەکانتاندا سەرکەوتووبن، تەنها کارەکانتان ڕێکبخەن و پلانی باش و تۆکمە دابنێن و بەردەوام کار و چالاکییەکانتان دۆکۆمێنت بکەن، بەدوای سەرچاوەی مەعریفی نوێدا بگەڕێن، بەردەوام پەرە بە کارەکەتان بدەن، ئامانجی ستراتیژی وا دابڕێژن کە لەگەڵ توانستە بەردەستەکاندا بگونجێن، تەواوی هەوڵەکان بخەنەگەڕ و بەشدارییە گروپییەکانی خوێندکاران و دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان ڕێکبخەن بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە.

CDO

ڕێکخراوی تاکۆ بۆ پرسە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان

*Tako Organization to Social and Psychological enquiries*